

کۆشکی ئەلیزی بە فەرمی پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

# سەرۆک ماکرۆن لە هەولێرەوە سەیری بەغدا و دیمەشق دەکات



**ئەو پێشوازییەی ماکرۆن لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەو کاتە هەستیار و مەترسیدارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، دەرگایەکی گەورەی لەسەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رووی هەرێمی کوردستاندا کردەوە**

**نێچیرڤان بارزانی وەک دەوڵەتمەدارێکی مودێرن و لێهاتوو توانیویەتی لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی رۆڵێکی کارامە بۆ پێشخستنی ئاشتی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بگێڕێت، میکانیزمی گونجاویشی بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دۆزییەوە و توانی ئەو بەستەڵەکە بشکێنێت، کە چەندین ساڵە چارەسەری کێشەکانی نێوان و هەولێر و بەغدای سڕکردووە**

لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بە فەرمی لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت، بەڵام رەشنووسی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەم هاوپەیمانییەی پێ دامەزراندووە، فەرەنسییە، ئەم هاوپەیمانییەش تەنیا بۆ شەڕی دژی داعش لە سووریا و عێراق دامەزراوە، کە یەکەم بەرەی جەنگی تێکشکاند و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش لە سەردەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هەموو جیهان تۆمارکرا، هەر بۆیە لە ئەیلوولی ٢٠١٨ فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی پێشووی فەرەنسا سەردانی هەولێری کردو لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە پێشوازی لێکرا، پاشانیش هەر دوو سەرۆك پێکەوە بەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بەسەر کردەوە، دوای ئەوەش هەر لە فەرەنسا و لە کۆشکی ئەلیزی بە ئامادەبوونی سەرۆك هۆلاند وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری بەرگریی فەرەنسا، سەبارەت بە پێداویستییە گرنگەکانی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش کۆبوونەوە.

فەرەنسا هەر لە ماوەی شەڕی دژی داعشدا، رۆڵێکی کاریگەری لە کوردستانی سووریاش هەبووە و تەنیا دەوڵەت بووە کە هەوڵیداوە کێشەی کوردی سووریا لە ئاستی سەربازی و شەڕی دژی داعش بباتە ئاستێکی سیاسی بۆ دابینکردنی مافەکانیان.

لەدوای فرانسۆ هۆلاند و لە هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ٢٠١٧ سەرۆك ئەمانوئێل ماکرۆن بووە سەرۆکی فەرەنسا، بە هاتنی ماکرۆن-یش، سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر عێراق و سووریا و هەرێمی کوردستان، وەرچەرخانێکی ئیجابییانەتری بەسەردا هات و، فەرەنسا ئامانجەکانی لە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، تەنیا لە رووخانی خەلافەتی داعش بچووك نەکردەوە، بەڵکو بەرنامەی فەرەنسا ئایندەی عێراق و سووریای لەخۆی گرتووە، بەوەی دەبێت ئەم دوو دەوڵەتە لە ئایندە چۆن حوکمڕانی بکەن و لە سەرووی ئەمانەشەوە بایەخدانیەتی بە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بۆ سووریاش پشتگیری لەوە دەکات کە کوردانی سووریا بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی دیمەشق چارەسەرێك بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە و چارەسەرەکەش بەوجۆرە بێت کە لەناو دەستووری داهاتووی سووریادا دان بە مافە رەواکانی کوردی سووریا بنرێت.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بۆ کوردانی سووریا، فەرەنسا بە پشتگیری ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەمری واقیعێکی سیاسی لە رۆژئاوای سووریا بۆ کوردان دروست بکات و هەروەها لە هەوڵی ئەوەشدان کە لە رووی ئابووری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەشە کوردییەکەی کوردستانی سووریا هەبێت، لە هەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە کە سەرکردایەتیی پەیەدە بە هاوشێوەی سەرکردایەتیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەستبەرداری سیاسەتی تاکڕەوی بن و هێزە سیاسییەکانی دیکە بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانی بکەن، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێتەئاراوە کە ئاوارەکانی کوردی سووریا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

ئاشکرایە دوای ریفراندۆمی گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، گەلەکۆمەکییەکی گەورەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ نەمانی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست بوو، کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئەو پیلانەیان جێبەجێکرد، ئەم پیلانە ئەوەندە گەورە و کاریگەر بوو کە جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی رایگەیاند: «ئێستاش هەر چیاکانی کوردستان دۆستمانن»، لەناو ئەو بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەدا، فەرەنسا جارێکی دیکە بە هەموو جیهانی راگەیاند: «فەرەنسا وەك چیاکان دۆستی گەلی کوردستانە»و وەك یەکەمین دەوڵەتی گەورە و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ١ی دیسەمبەری ٢٠١٧ لەناو کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی کرد، کە ئەو کات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بوو.

ئەو پێشوازییەی ماکرۆن لە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەو کاتە هەستیار و مەترسیدارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕی، دەرگایەکی گەورەی لەسەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە رووی هەرێمی کوردستاندا کردەوە و بووە گوشارێك بۆ سەر حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی بۆ

ئەوەی گەمارۆکانی سەر کوردستان هەڵبگرێت، دوای ئەوەش لەسەر پرسی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان شێوە ڕێککەوتنێکی خێرا هاتەئاراوە و بارودۆخی کوردستانیش لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕان و وەرچەرخانی گەورەی ئیجابی بەسەردا هات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی دوای هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دیسان فەرەنسا یەکەمین دەوڵەتی گەورە بوو کە بە فەرمی لەلایەن سەرۆک ماکرۆنەوە بانگهێشتی فەرمی بۆ نێردرا بۆ ئەوەی جارێکی وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ لەناو کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ئەو دوو ساڵەی (کۆتایی ٢٠١٧ – تا ناوەڕاستی ٢٠١٩) کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتیی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان کردووە و توانی لەو ماوە کورتەدا وەك دەوڵەتمەدارێکی مۆدێرن و لێهاتوو لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی کارامە بۆ پێشخستنی ئاشتی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بگێڕێت و هەروەها میکانیزمی گونجاویشی بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دۆزییەوە و توانی ئەو بەستەڵەکە بشکێنێت، کە چەندین ساڵە چارەسەری کێشەکانی نێوان و هەولێر و بەغدای سڕکردووە.

سەرۆک ماکرۆن کە ئامانجی ئەوەیە فەرەنسا ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئایندەی سیاسیی سووریا و عێراقدا بگێڕێت و بەدوای نەخشەیەکدا دەگەڕێت کە سەقامگیری و پێکەوەژیان بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی لەو دوو دەوڵەتە بێنێتەئاراوە، ئەزموونی قورسی ئەم دووساڵەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژەیە ئاڵۆزە و وەرچەرخانی ئەو تەنگژە قورس و ئاڵۆزە بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وەك هونەرێکی تازەی ناو سیاسەتی بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکات، کە بێگومان تەنگژەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، لەسەرجەم کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر و هەستیار و ترسناکتر بوو.

لەم ئاراستەیەدا کە فەرەنسا هاوشان لەگەڵ ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگاتە قۆناخی (پۆست ڕۆژئاوا) ئەمەش بەو مانایەی ڕۆژئاوا هەمان ڕۆڵی کاریگەری جارانی لەم ناوچەیە بۆ بگەڕێتەوە، گەورەترین گرفت لەبەردەم ئەم ئامانجەدا، دەستەوەستانبوونە لە ئاستی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ناتوانن میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکانی بدۆزنەوە، هەر بۆیە کاتێك دەبینن لە میانەی پشتگیرییەکی زۆر کەم و سنووردار بۆ دەوڵەتمەدارێکی وەك نێچیرڤان بارزانی ئەو توانا و لێهاتووییە دەردەکەوێت، کە چارەسەر بۆ کێشە زۆر ئاڵۆز و هەستیارەکان بدۆزێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لۆژیك و بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی دەبێتە کلیلێك بۆ دارشتنەوەی نەخشەیەکی ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی.

**کاتێک دەبینن لە میانەی پشتگیرییەکی زۆر کەم و سنووردار بۆ دەوڵەتمەدارێکی وەک نێچیرڤان بارزانی ئەو توانا و لێهاتووییە دەردەکەوێت، کە چارەسەر بۆ کێشە زۆر ئاڵۆز و هەستیارەکان بدۆزێتەوە، وەک کلیلێک بۆ دارشتنەوەی نەخشەیەکی ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی سەیری دەکەن**

### ● بایەخی هەولێر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا و عێراقدا

هەموو ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەی لە سەر مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی توێژینەوەیان کردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هۆکاری سەرەکی بۆ ناسەقامگیری و نەبوونی چارەسەرکردنی کێشەکان، بە پلەی یەکەم چارەسەرنەکردنی کێشەی نێوان (ئیسرائیل و فەلەستین، یان ئیسرائیل و عەرەب)ە، بە پلەی دووەمیش چارەسەرنکردنی کێشەی کوردە لەو چوار وڵاتەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە.

سەبارەت بە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی (ئیسرائیل – فەلەستین)، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ نەخشەیەکی ڕێگەی بۆ دارشتووە و ناوی لێناوە: «سەفقەی سەدە»، ئەم سەفقەیە کە بڕی زیاتر لە ٥٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان دەگرێتەوە، لە میکانیزمی جێبەجێکردنیدا دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی ئەو کێشە ئاڵۆزەی زیاتر لە ٧٠ ساڵە لەم ناوچەیە هەیە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم پرۆسە گەورەیەی وەبەرهێنان (سەفقەی سەدە)، ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر بکرێت،

**ئەزموونی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ لە نێوان هەولێر و بەغدا لەماوەی نزیکەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا، ئەوەی دەرخستووە، ئەگەر زەمینەیەک بۆ کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق دروست بکرێت، ئەوا چارەسەرکردنی کێشە مەزهەبییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننەش ئاسان دەبێت**

**بوونی هەرێمی کوردستان بە (کوردستانێکی بەهێز) بۆ بونیادنانەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، راشکاوانە و بێ شاردنەوە ئامانجی ئەمریکا و فەرەنسایە و ئێستا بۆتە ئامانجی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش**

ئەوا یەک ملیۆن هەلی کار بۆ هەر یەکە لە (فەلەستین، میسر، ئوردن و لوبنان) دروست دەکات.

ئەو بنەمایەی ئەم پرۆسەیەی (سەفقەی سەدەی) لەسەر نووسراوە، بەرەنجامی ئەو راپرسییەی دەزگای (زوغبی)یە کە ساڵی ٢٠١٦ بۆ راپۆرتەکەی (ئۆلبرایت – هادلی) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەکراوە. لەو راپرسییەدا کە بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بەشدارییان تێدا کردووە، دەرکەوتووە کە هۆکاری ناسەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی نەبوونی هەلی کار و نەبوونی ژیانێکی شایستەیە بۆ گەنجانی ئەو وڵاتانە و ئەگەر حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە بتوانن هەلی کاری باش و ژیانێکی شایستە بۆ گەنجەکان دابین بکات، ئەوا تەیاری ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ نەک هەر کەس دوایان ناکەوێت، بەڵکو بوونیشیان نامێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەستپێشخەری کردووە بۆ پرۆسەی (سەفقەی سەدە)، ئەم پرۆسەیەش کە سەرمایەیەکی عەرەبییە لە فەلەستینەوە دەستپێدەکات و وڵاتانی دیکەش دەگرێتەوە، هەروەک چۆن شاعەبدوڵای ئوردن لە کۆنگرەی دافوسی (دەریای مردوو) ئەمساڵ ئاماژەی پێکرد و جەختی لەسەر کردەوە.

سەبارەت بە کێشەکانی عێراق و سووریا کە هەتا ئێستاش زیاتر وەک کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە سەیر دەکرێت، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و سووریا، زەمینەیەکی لەبار دروست دەکات بۆ ئەوەی کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەمەش ئەزموونی کرانەوەی دەرگای دیالۆگ لەنێوان هەولێر و بەغدا لەماوەی نزیکەی ساڵ و نیوی رابردوودا، ئەوەی دەرخستووە، ئەگەر زەمینەیەک بۆ کێشەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق دروست بکرێت، ئەوا چارەسەرکردنی کێشە مەزهەبییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننەش ئاسان دەبێت، هەروەک چۆن ئێستا لە عێراقدا ئاستی ئاڵۆزیی کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە خاو دەبێتەوە و زەمینەیەک دروست دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە کاربکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەی سەرەکی لە هەردوو دەوڵەتەکە کێشەی کورد و حکومەتەکانی هەردوولایە، نەک کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە وسوننە.

**جەختکردنەوەی ئەمریکا و فەرەنسا و نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەر گرنگیی ریکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، ئاماژەی ئەوەن کە بەرێوەبردن و وەرچەرخانی تەنگژە هەستیار و ئاڵۆزەکان، پێویستیان بە لۆژیک و مەعریفە و بیرکردنەوەی دەوڵەتمەدارێکی وەک نێچیرڤان بارزانی هەیە**

رۆڵی نێچیرڤان بارزانی لە خاوکردنەوەی کێشەکانی بەغدا و هەولێر، رۆڵێکی هێجگار گەورەیە کە توانیویەتی راشکاوانە ئەو راستییانە لەلایەنی بەرامبەر بگەیەنێت و پێیان بڵێت: «ئەگەر دەتانەوێت کورد و عەرەب وەک دوو نەتەوەی سەرەکی بە ئاشتییانە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لەم وڵاتە بژین و هەموو پێکەوە وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە، ئەوا هیچ رێگەیەک لەبەردەمی هیچ لایەکماندا نییە، بێجگە لە یەکتری قبوولکردن و سەلماندنی مافەکانمان»، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هێشتاش بەتەواوەتی بەرەنجامی ئەو قەناعەتکردنەی لایەنی بەرامبەر بۆ چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەی کورد دەرنەکەتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاکامە ئەرێنییەکانی ئەو ئاراستەیە بەدیار کەوتوون و خەریکە پێکەوەژیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگیرێت.

کەواتە بە سەرنجدانی ئەزموونی نووسینەوەی دەستووری عێراق و دیاریکردنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەپێی ئەو دەستوورە، هەروەها رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دیسان هەر بەپێی ئەو دەستوورە، دەرکەوت کێشەکە لە دەستوورەکەدا نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی خێر بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە گرنگە، لە ئێستاشدا کە خەریکە ئەو ئیرادەیە بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکە دروست دەبێت، دەبینین رۆژ لەدوای رۆژ باشتر لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان هەردوولا دروست دەبێت و میکانیزمی تازەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دێنەپێشەوە.

بۆ ئێستای دیمەشق کە پێدەچێت هەموولایەک لەسەر مانەوەی رژێمی ئەسەد بۆ ماوەیەکی دیکە کۆکن بن، ئەوا رژێمی ئەسەد ناتوانێت بە شێوەیەکی باش حوکمڕانیی سووریا بکات، ئەگەر لە نووسینەوەی دەستووری تازە بۆ سووریا، سوود لە نووسینەوەی دەستووری عێراق وەرنەگرێت، هەروەها ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، ئەگەر مافەکانی کورد نەسەلمێنێت و پەیوەندیی نێوان کوردستانی رۆژئاوا و حکومەتی دیمەشق بەو دەستوورە رێکنەخاتەوە.



لەسەر ئەم بنەمایە بوونی هەرێمی كوردستان بە (كوردستانێكی بەهێز) بۆ بونیادنانەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكەدا، راشكاوانە و بێ شاردنەوە ئامانجی ئەمریكا و فەرەنسایە و ئێستا بۆتە ئامانجی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەكگرتووەكانیش، هەموویان جەخت لەوە دەكەنەوە و دەڵێن: لە كاتێكدا عێراقێكی بەهێزمان دەوێت، ئەوا لە هەمانكاتدا كوردستانێكی بەهێزیشمان لەناو ئەو عێراقەدا دەوێت، ئەم بەهێزییەی عێراق و كوردستانیش بەمانای بەهێزیی هێزی سەربازی نییە، بەڵكو بەمانای ئەو ئاشتی و پێكەوەژیانە دێت كە بە بەهێزی لە نێوان كوردستان وعێراق دروست دەبێت.

دیارە لە ئێستادا فەرەنسا و ئەمریكا هەوڵیانداوە هەمان سیناریۆی رێكخستنەوەی پەیوەندیی نێوان كوردستانی سووریا و دیمەشق بە شێوازی هەرێمی كوردستان و بەغدا رێكبخەنەوە، هەروەها كوردستانی سووریا بە جۆرێك لە پەیوەندیی ئابووری بە هەرێمی كوردستانەوە گرێ بدەنەوە، بەڵام سەركەوتنی ئەم پرۆسەی ئاشتییە لە سووریا زەحمەتە بەو كاراكتەرە سیاسییانەی ئێستای كوردستانی سووریا و دیمەشق بێتەئاراوە، بۆیە جەختكردنەوەی ئەمریكا و فەرەنسا و نەتەوەیەكگرتووەكان لە سەر گرنگیی رێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی هەولێر و بەغدا، ئاماژەی ئەوەن كە بەڕێوەبردن و وەرچەرخانی تەنگژە هەستیار و ئاڵۆزەكان، پێویستییان بە لۆژیك و مەعریفە و بیركردنەوەی دەوڵەتمەدارێكی وەك نێچیرڤان بارزانی هەیە. هەر ئەمەش هۆكاری راستەقینەی سەردانە چاوەڕوانكراوەكەی سەرۆك ماكرۆنە لە داهاتوویەكی نزیكدا بۆ عێراق و كوردستان، ئەوجا ئەگەر سەردانەكانی پێشتری فرانسۆ هۆلاندی سەرۆكی پێشووی فەرەنسا بۆ ئەوە بووبێت، سوود لە ئەزموونی سەرۆك مسعود بارزانی و پێشمەرگە وەربگرێت، بۆسەركەوتنی فەرەنسا و هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا، ئەوا سەردانی ئەمجارەی سەرۆك ماكرۆن بۆ هەولێر ئامانجی ئەوەی دەبێت سوود لە ئەزموون و لۆژیكی دەوڵەتمەدارانەی نێچیرڤان بارزانی وەربگرێت، لە چۆنیەتیی گێڕانەوەی سەقامگیری و دابینكردنی ئاشتی لە سووریا و عێراقدا.



### کابینەی نۆیەم .. بەرنامەیەکی گشتگیر و نیشتمانی

# سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیە چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوەیە



لی کوان یو سەرۆکی پێشووی سەنگافورا لە کتێبی (چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا) نووسیوویەتی: «ئەگەر بتەوێت ئامێرێك دروست بکەیت، ئەوا بەدەیان و سەدان کتێب هەن، فێرت دەکەن چۆن ئەو ئامێرە دروست دەکرێت، یان ئەگەر بتەوێت خۆت فێری خەیاتی بکەیت و جلەکانی خۆت خۆت بیدووریت، ئەوا بۆ ئەمەش بەهەمان شێوەیە و سەدان کتێب و سەرچاوە هەن کە فێرت دەکەن، بێگومان ئەم پرسە بۆ زۆر شتی دیکەش بەو جۆرەیە، بەڵام کاتێك لە دوای ساڵی ١٩٦٥ بوومە سەرۆك وەزیرانی سەنگافورای سەربەخۆ، زۆر گەڕام بۆ ئەوەی کتێبێك، یان سەرچاوەیەکم دەست بکەوێت، کە فێرم بکات چۆن نەتەوەیەك دروست بکەم، کە تاکەکانی هاووڵاتی نین، چۆن دەست بە پرۆسەی پەرەپێدان بکەم، کە بێجگە لەچەند کەنارێك هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نەبوو، چەندم کرد، تەنیا یەك لاپەڕەشم دەست نەکەوت، هەر بۆیە ناچار بووم خۆم ئەو کتێبە بنووسمەوە و دوای ٣٠ ساڵ ناوم لێنا: (چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا).»

ئەم قسانەی لی کوان یو، ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە دەوڵەتداری سەرکەوتوو بەرهەمی ئەقڵی لۆکاڵی نەتەوەیە و نەتەوە خۆی دەزانێت چ حوکمڕانییەکی دەوێت و چۆن کێشەکانی چارەسەر دەکرێت، لەدوای ئەم قەناعەتە رۆڵی دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو دەبێتە ئەوەی چۆن مەعریفە و ئەقڵانییەت و لێهاتوویی خۆی لەناو ئەقڵی لۆکاڵی تاکەکانی نەتەوە متوربە دەکات و

**کاتێک سەرۆک وەزیرانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گرنگترین پرس کە کاری جددی لەسەر دەکرێت، سامانی مرۆیی خەڵکی کوردستانە، ئەمە بەو مانایەیە کە تاکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازیی رەگەز و ئایین و نەتەوە، بەشدارییەکی کارایان لە راستکردنەوەی حوکمڕانی و بڕیاردروستکردندا دەبێت**

**«دوای ئەوەی وەزیرەکان سوێندی یاسایی دەخۆن، ئیدی چیدیکە وەزیری حزبەکان نین و وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانن»، دانانی ئەم رستەیە لە بەرنامەی کابینەی حکومەت ئاماژەیەکی روونە بەوەی پێشتر وەزیرەکان هێندەی خۆیان بە وەزیری حزبەکانیان زانیوە، خۆیان بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەزانیوە**

لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و داخوازیی هاووڵاتیان بەرنامە بۆ حکومەتەکەی دادەڕێژێت.

لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك بەرنامەی کابینەی نۆیەم دەخوێنینەوە کە رۆژی چوارشەمەی رابردوو لەلایەن مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە پەرلەمان خوێندیەوە، دەبینین، ئەویش لە داڕشتنی ئەو بەرنامەیەدا تەنیا گوێی لە خواست و داواکاریی خەڵك گرتووە، پاشان ئەم خواست و دوایانە تەوەری سەرەکیی راوێژ و گفتوگۆکانی بووە لەگەڵ ئەو حزبانەی بەشدارییان لە حکومەت کردووە و پێکەوە لە چوارچێوەیەکدا دایانڕشتۆتەوە و ئەم بەرنامەیەی ئێستایان لێ دروستکردووە.

هێڵە گشتییەکانی ئەم بەرنامەیە، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵێکی دەستەجەمعیی کۆی بەرپرسانی دامەزراوەکانی کوردستانی پێوەدیارە و هەوڵێکی لێ دەخوێندرێتەوە کە بە جددی کار لەسەر کەموکورتی و شکستەکانی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە تێکڕای کابینەکانی کوردستان کراوەتەوە و هەوڵدراوە بەپێی ئەزموون و شارەزایی لۆکاڵی کوردستان چارەسەری گونجاوی بۆ دۆزرابێتەوە، هەر بۆیە کاتێك سەرۆك وەزیرانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لەم بەرنامەیەدا گرنگترین پرس کە کاری جددی لەسەر دەکرێت، سامانی مرۆیی خەڵکی کوردستانە، ئەمە بەو مانایەیە کە تاکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازیی رەگەز و ئایین و نەتەوە، بەشدارییەکی کارایان لە راستکردنەوەی حوکمڕانی و بڕیاردروستکردندا دەبێت و میکانیزمی جێبەجێکردنی کارەکانی حکومەتیش بەوشێوەیە دەبێت کە هاووڵاتی خۆی بە خاوەنی پرۆژە و بەرنامەکانی حکومەت بزانێت و پشتگیریی تەواویان لێ بکات.

سەبارەت لەلایەنی باشترکردنی کوالیتی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرنامەی حکومەت بەو جۆرە داڕێژدراوە کە هاووڵاتیان خۆیان فاکتەری دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بن و هەر خۆشیان گەورەترین سوودی لێ وەربگرن و ببێتە سەرچاوەی ژیانێکی خۆشگوزەران لە کۆمەڵگەدا.

کێشەی سەرەکیی حوکمڕانی لە کوردستاندا بەگشتی و لە شێوازی ئەدای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی، پێشتر ئەو کێشەیە بوو کە تێکەڵاوییەك لەنێوان کاری حزبی و حکومەتدا هەبووە، ئەمەش نەك بەو مانایەی حزب دەستتێوەردانی لەکاری حکومەتدا کردووە، نەخێر، بەڵکو بەو مانایەی حزبە سیاسییەکان لەبری ئەوەی سیاسەتی حزبەکانیان تەرجەمە بکەن بۆ حوکمڕانی، هاتوون سیاسەتی حوکمڕانییان تەرجەمە کردووە بۆ سیاسەتی حزبیی خۆیان، هەربۆیە هەموو بەرنامە و سیاسەتی حکومەتیان کردۆتە دەروازەیەك بۆ پرۆپاگەندەی حزبیی خۆیان، لە بەرنامەی کابینەی ئەم جارەی حکومەتدا، زۆر راشکاوانە ئەم کێشەیە چارەسەر کراوە و زۆر بە روونییش جەختی لەسەر کراوەتەوە، «دوای ئەوەی وەزیرەکان سوێندی یاسایی دەخۆن، ئیدی چیدیکە وەزیری حزبەکان نین و وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانن»، دانانی ئەم رستەیە لە بەرنامەی کابینەی حکومەت ئاماژەیەکی روونە بەوەی پێشتر وەزیرەکان هێندەی خۆیان بە وەزیری حزبەکانیان زانیوە خۆیان بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەزانیوە، یانیش بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ حکومەت کردووە، تا ئەو ئاستەی لە بەرژەوەندیی حزبەکانیاندا بووبێت.

دیارە کۆتاییهاتن بەو دیاردەیەی کە وەزیرەکان لە بری ئەوەی خۆیان بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانن، خۆیان بە وەزیری حزب بزانن، کاری حکومەت دەگۆڕێت بۆ کارێکی دەستەجەمعی وەك یەك تیم پێکەوە هەماهەنگی و هاریکاری دەکەن کە ئەو بەرنامەیەی حکومەت جێبەجێ بکەن کە بەڵێنیان لە خەڵکی کوردستان داوە.

لایەنێکی دیکە کە دیسان بە گەشبینییەوە سەیری جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو سێ حزبە سەرەکییە (پارتی، یەکێتی و گۆڕان) کە حکومەتەکەیان پێکهێناوە، لە پرۆسەی کاری پەرلەمانیشدا هاوکار و هەماهەنگ دەبن بۆ ئەوەی بتوانن یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان دەربکەن، بەتایبەتیش یاسای چاکسازیی ریشەیی کە تا رادەیەکی زۆر هەیکەلی حکومەت تەرشیق دەکات و داهاتێکی باشیش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی لەمیانەی دۆزینەوەی هەلی کار و لێکجیاکردنەوەی ئەو

تێکەڵاوییەی ئێستا لەنێوان هەلی کاری کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا هەیە، ئەمانەش بە چەند یاسایەکی گرنگ، بە سەدان هەزار هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین دەکات.

لەبواری دژایەتیکردنی دیاردەی گەندەڵی و نەهێشتنی گەندەڵی، دیارە گرنگە گەندەڵکاران سزا بدرێن و گەندەڵییەکانیان ئاشکرا بکرێت، بەڵام ئەوەی لەناو دیاردەی گەندەڵکارانی کوردستان ئێستا بوونی هەیە، هەست دەکرێت کە جۆرە پەردەپۆشکردنێك بۆ دیاردەکە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاووڵاتیان ئەگەر گەندەڵکارەکەش ئاشکرا بکەن، هیچ سوودێکی بۆیان نییە، راستە نەمانی گەندەڵکاری بۆ بەرژەوەندیی گشتییە و سەرەنجام هەمووان لێی سوودمەند دەبین، بەڵام گرنگیشە ئەو خەڵکانەی گەندەڵکاران ئاشکرا دەکەن، خۆشیان سوودمەند بن لەبری ئەو کارە گشتییەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی ئەنجامی دەدەن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر جۆرێك لە پاداشت، یان خەڵات بۆ هەر هاووڵاتیەك دابنرێت کە هەر جۆرە گەندەڵییەك بە بەڵگە و لە رێگەی یاساوە ئاشکرا بکات، ئەوا حکومەت دەتوانێت پرۆسەی هاندانی دژەگەندەڵی بکاتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەگژداچوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی، لەم حاڵەتەشدا ئەو هاوکاری و هەمانگییەش کۆتایی دێت، کە ئێستا لەنێوان گەندەڵکارەکان هەیە و پرسی ریشەکێشکردنی گەندەڵییشیان کردۆتە کارێکی مەحاڵ.

خاڵی گرنگ کە دیسان لەم بەرنامەیە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەهێزکردنی کەرتی تایبەتە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەم خاڵە کە لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەوەیە تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان هەلی کاری گونجاو و شایستەیان دەست بکەوێت و ژیانێکی خۆشگوزەران لە وڵاتی خۆیان بەسەر بەرن، ئەوا ئەم هەنگاوە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە بواری کارکردن لە کەرتی گشتی و بواری کارکردن لە کەرتی تایبەت پێکەوە وەك هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی کوردستان پێناسە بکرێتەوە، ئەوانەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتیش لە هەمانکاتدا خاوەن کار و کارمەندی کەرتی تایبەتیش نەبێت، ئەمە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو دیاردەی کە پێشتر باسی هەندێك لەو فەرمانبەرانە دەکران کە هەریەکەیان ۲- ۳ مووچەی هەبووە و مانگەش وەریگرتووە، لەم بازنەیەدا ئەگەر هەلی کار لە هەردوو بواری (کەرتی گشتی و تایبەت) هەلی کار بن بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان بێکار نەبن، ئەوا کۆکردنەوەی چەند کارێکی (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت) بواری هەلی کار لەبەردەم هاووڵاتیاندا بچووك دەکاتەوە و زیاتریش قەوارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەورەتر دەکات.

لایەنێکی دیکە پرسی باج وەرگرتنی حکومەتە لە هاووڵاتی، ئەمەش وەك سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ هەڵسووڕانی کاروبارەکانی حوکمڕانی، لەم حاڵەتەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە بەرنامەی کاری حکومەتدا ئاماژە بەوە کراوە کە باج وەرگرتن بە شێوەیەك دەبێت کە خەڵکی هەژار زەرەرمەند نەبێت، بەڵام ئەگەر باج وەگرتن بخرێتە ئەو چوارچێوەیەی کە سەرچاوەکانی ئاو و سەرچاوەکانی کارەبا بگەنە ئەو ئاستەی پێداویستیی ناوخۆیی کوردستان بەتەواوەتی دابین بکات، ئەوا گرنگە لە وەرگرتنی باجی ئەم دوو خزمەتگوزارییە سەرەکییە رەچاوی (هاندانی دەستپێوەگرتن) بکرێت، هەر هاووڵاتیەك، یان ماڵێك بەپێی پێویستی خۆی ئەم خزمەتگوزارییانەی بەکار هێنابێت، کەمترین باجی لێ وەربگیرێت و لە سەرووی ئەو بەکارهێنانەوە ئاستی باجدانەکە زۆر زیاتر هەڵبکشێ بۆ ئەوەی خەڵکی هەژار سوودێکی گەورە لەو خزمەتگوزارییانە وەربگرێت.

دیارە لە مێژووی نەتەوە ئازادەکاندا، سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانی و دووبارە بوونیادنانەوەی تەواوی ژێرخانەکانی دەوڵەت و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکی و گشتییەکان، بە پرۆسەی سەرکەوتنی بونیادنانی نەتەوە لە قەڵەم دەدەرێت و هەموو هاووڵاتییەکیش شانازی دەکات لەم پرۆسە گرنگە بەشدار بێت، بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆی داوا دەکات هەموو هاووڵاتیان لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن و پشتگیریی حکومەت بکەن، وامان لێدەکات بە گەشبینیەوە سەیری سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیە بکەین و ئومێدی ئەوە بکەین ئەم بەرنامەیە دەبێتە چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوەیەك .

**کۆتاییهاتن بەو دیاردەیەی کە وەزیرەکان لە بری ئەوەی خۆیان بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانن، خۆیان بە وەزیری حزب بزانن، کاری حکومەت دەگۆڕێت بۆ کارێکی دەستەجەمعی وەک یەک تیم پێکەوە هەماهەنگی و هاریکاری دەکەن کە ئەو بەرنامەیەی حکومەت جێبەجێ بکەن کە بەڵێنیان لە خەڵکی کوردستان داوە**

**راستە نەمانی گەندەڵکاری بۆ بەرژەوەندیی گشتییە و سەرەنجام هەمووان لێی سوودمەند دەبین، بەڵام گرنگیشە ئەو خەڵکانەی گەندەڵکاران ئاشکرا دەکەن، خۆشیان سوودمەند بن لەبری ئەو کارە گشتییەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی ئەنجامی دەدەن**



**شاخەوان عەبدوڵا**

**ئەندامی لیژنەی دانوستانکاری ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکووک بۆ گوڵان:**

# ئومێد دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا رێککەوتن لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکرێت

**ئاشکرایە کە دۆخی شاری کەرکووك پێویستی بە چارەسەرکردن و ڕێککەوتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە، بە چەشنێك کە مایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەك بێت و ڕەوشێکی ئاسایی بگەڕێتەوە بۆ ئەم شارە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵەکان خراونەتەگەڕ و ئومێد دەکرێت ئەم هەنگاوانە بە دەرئەنجامێکی خوازراو بگەن، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆی گوڵان لەگەڵ شاخەوان عەبدوڵا ئەندامی لیژنەی دانوستانکاری ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووك و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ئێستای شاری کەرکووك چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووك بە دۆخێکی ناسرووشتی و نایاساییدا تێپەڕ دەبێت، دۆخێك کە لە دەرەوەی دەستوور و یاسا بەسەریدا سەپێندراوە، هەرچی کارەکانی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکان هەیە، ئیفلیج بووە و لەبەرامبەردا ڕەوشێکی عەسکەرتارییەت و پارێزگارێکی فەرزکراو بەسەر کەرکووکدا جێگیرکراوە و بە ئارەزووی خۆی گەندەڵی دەکات، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش نایەوێت ددان بە شەرعییەتی عەسکەرتاریەتی داگیرکراویی کەرکووکدا بنێت. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەهیچ شێوەیەك ددانی بەو دۆخە سەپێنراوەی کەرکووکدا نەناوە، ئەمە بە پێچەوانەی زۆر لەو پارتە سیاسییانەی کە گەڕاونەتەوە کەرکووك و بارەگاکانی خۆیان کردۆتەوە، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئەم دۆخە نایاسایی و نادەستوورییەی کەرکووك قسەی لەگەڵ سەرجەم لایەنە عێراقییەکان کردووەو پێی وتوون: «مانەوەی دۆخی کەرکووك بەم شێوەیەی ئێستا جێگای قبووڵکردن نییە»، جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووك و ئاساییکردنەوەی، لیژنەیەکی بۆ دانوستان و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووك دامەزراندووە، لیژنەکە کارەکانی کردووەو لە مانگی ئادارەوە بەفەرمی کۆبوونەوەی خۆی کردووەو پێکهاتەکان و نوێنەری یەکێتیش ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون، بەشێوەیەکی گشتی پرۆژە هەیە، بۆ ئەوەی دۆخی شاری کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە، ئێمە بەهەمووان پاڵپشتی هەموو ئەو پرۆژانە دەکەین بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە.

*** باسی کۆمەڵێك کێشەت کرد، کە کەرکووك دوچاری بووەتەوە، بەتایبەتی عەسکەرتاریەتی پارێزگاکە، ئایا تاچەند هەنگاوەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بە کردەیی چوونەتە پێشەوە؟**

- کێشەکانی کەرکووك بەشێوەیەکی گشتی فرە لایەنن؛ کێشەی سەربازی و ئەمنی و ئیداری و ئەنجومەنی پارێزگایە، بەتایبەتی گۆڕانکارییە ئیداری و دیمۆگرافییەکان کە ئێستا لە تەواوی ئەو ناوچانەی بەکێشە لەسەر ناو دەبرێن، گرفت و کێشە بوونیان هەیە، دەبێت هەردوو لایەنی عێراقی و کوردستانی بەجددی قسەلەسەر هەموو ئەم کێشانە بکەن و دواجار بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە پێویستە وەکو پێکهاتەکان لەسەر میکانیزمێك ڕێکبکەوین و هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقیش وەکو دوولایەنی پەیوەندیدار هاوکاری یەکتر بن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، چونکە دۆخی ئێستای کەرکووك بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبووڵکردن نییە، بەتایبەتی بوونی ئەو هێزە نامۆ چەکدارانەی کە لەتەواوی پارێزگاکەدا بڵاوەیان پێکراوە، بەتایبەتی لەناوچەکانی لەیلان و شوان تا دەگاتە ناوچەکانی دوبز کە هیچ بیانوویەك بۆ مانەوەی ئەو هێزە چەکدارانە نییە، هەموو ئەم ناوچانە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە هیچ هێزێکی لێ نەبووە، تەنانەت هێزی پێشمەرگەشی لێ نەبووە، چونکە ناوچەیەکی سەقامگیر و ئارام بوون، بوونی ئەم هێزە چەکدارانەی عێراق جگە لە ئیستفزازی هاووڵاتیانی کورد هیچی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوە، ئەم حاڵەتەمان بەلایەنی عێراقییش گوتووە. دەرئەنجام لەسەر بنەمای هەموو ئەم حاڵەت و واقیعانە گفتوگۆو دانیشتنەکان بەباشی چوونەتە پێشەوە، بەو ئومێدەی لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەمووان لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووك ڕێکبکەون.

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەسەر ئەو دۆخە نایاسایی و نادەستوورییەی کەرکووک قسەی لەگەڵ سەرجەم لایەنە عێراقییەکان کردووەو پێی وتوون: مانەوەی دۆخی کەرکووک بەم شێوەیەی ئێستا جێگای قبووڵکردن نییە**

**کارەکانی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکان هەیە، ئیفلیج بووە و لەبەرامبەردا ڕەوشێکی عەسکەرتارییەت و پارێزگارێکی فەرزکراو بەسەر کەرکووکدا جێگیرکراوە و بە ئارەزووی خۆی گەندەڵی دەکات**

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو زۆر لەو حزبە کوردستانییانە دەیتوانی بگەڕێتەوە شاری کەرکووک و ئیعتراف بەو عەسکەرتاریەت و داگیرکردنەی شارەکە بکات، کە ئێستا کەرکووک تێیکەوتووە**

**جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی بەشێک لەو کۆبوونەوانەی کردووە کە لەگەڵ لایەنی عێراقی و پێکهاتەکانی شارەکەدا ئەنجام دراوە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، ئەمە وێڕای ئەوەی جەنابیان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش باسی پرسی کەرکووکی کردووە**

**کەس ناتوانێت نکۆڵی لە پاڵپشتی و پشتگیریی جەنابی مسرور بارزانی بۆ ئێمەی کەرکووکییەکان بکات، ڕۆژانە داوای زانیاریی نوێی کردووە لەسەر هەمموو ئەو هەنگاو و پێشقەچوونانە کە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووک نراوە، لەکوێ گرفت و کێشەمان هاتبێتەبەردەم، هانامان بۆ بردووە و هاوکارمان بووە**

*** مەبەستت چ شێوازێکی دیاریکراوە کەوا دەکات هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک لەسەری ڕێکبکەون؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکووک بە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحیەوە لەسەر میکانیزمێک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە ڕێکبکەون، خۆشبەختانە ٩٥٪ی کۆی کێشە و پرسەکانی کەرکووک لە دانیشتنەکانمان بەرەو چارەسەر چوون، تەنیا هەندێك ووردەکاریی ماوە بەو ئومێدەی لەماوەیەکی کەمدا بتوانین لەسەر ئەو ووردەکارییانەش ڕێکبکەوین و دواجار ئەو شارە بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و ژیان و بژێویی هاووڵاتیان ئاسایی بێتەوە و خەڵکی هەست بە ئارامی بکەن، چونکە وا بۆ دووساڵ دەچێت دۆخی شارەکە بێزارکەرە و کاروکاسبیی تێدا ڕاوەستاوە و خەڵکی لە دڵەراوکێ و نامتمانەییدان، بەوەی ئەگەری هەیە دۆخی شارەکە زیاتر تێکبچێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی جموجووڵ و کارو کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش دەستیان بەزیادبوون کردووەو بەئاشکرا ناوبەناو کاروکردەوەی تیرۆریستیان هەیە، بگرە کۆنە بەعسی و تاقم و گروپەکانی تاوانیش زیادیان کردووە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی حاڵەتەکانی بەتاڵانبردنی نەوت و سامانی شارەکە، هەموو ئەمانەشمان بە لایەنی عێراقی گوتووە، کە پێویستە پەلە بکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە. ئێستا ئومێدێك هەیە بەوەی خەڵکی کەرکووک و پێکهاتەکان بەرەو ڕێککەوتن بچن، ڕاستە هەندێك لایەنی سیاسی لە کەرکووک کە زیانمەندن، بەڵام پێکهاتە ڕەسەنەکان و لایەنە سیاسییەکان ئەگەر کەمێك ماوەیان بدرێتێ بۆ ئەوەی لەسەر رووی کردەییەوە کاردانەوەی خراپی نەبێت، ئەوا باشتر ڕێك دەکەون، بەتایبەتی کە چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک پەیوەستە بە زۆر بواری دیکەی سەربازی و سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەوە.

*** ئایا لە دانوستانەکاندا باس لە ئاوارەبوونی کادیر و لایەنگرانی پارتی و بارەگا داگیرکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کراوە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو زۆر لەو حزبە کوردستانییانە دەیتوانی بگەڕێتەوە شاری کەرکووک و ئیعتراف بەو عەسکەرتاریەت و داگیرکردنەی شارەکە بکات، کە ئێستا کەرکووک تێیکەوتووە، بەڵام پارتی لە پردێ و سحێلا شەڕی مان و نەمانی کەرکووک و کوردستانی کرد، قارەمانێتی پێشمەرگەکانی پارتی و شەهید و قوربانییەکانی نەبووایە، دۆخەکەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر نەدەگۆڕدرا، پارتی لە پێناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا شەهید و قوربانی زۆری داوە و پێداگیری زۆری لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان کردووە، هەمووان باش ئەو حەقیقەتە دەزانن کە ئەگەر پارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ی عێراقدا لەکەرکووک بەشدار بووایە و رق و قینی جەماوەری کوردی دژ بەداگیرکردنی کەرکووک بەکاربهێنایە، چەندین کورسی لەکەرکووک دەست دەکەوت و دەنگەکانی زۆر زیاتری دەکرد، بەڵام پارتی کورسی و دەنگی بەلاوە گرنگ نەبووە و هیچ کاتێك ئیعتراف بەو داگیرکارییە ناکات.

*** مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا باسی لە پرسی کەرکووک و زەرووڕەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کردووە، جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە پێویستە لێژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمانی و حکومەت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک پێکبهێنرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکووک لەگەڵ بەغدا گرنگە؟**

- لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە دەمەوێت ئەم زانیارییە بڵاوبکەمەوە کە لەماوەی رابردوودا جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی بەشێك لەو کۆبوونەوانەی کردووە کە لەگەڵ لایەنی عێراقی و پێکهاتەکانی شارەکەدا ئەنجام دراوە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك، ئەمە وێڕای ئەوەی جەنابیان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش باسی پرسی کەرکووکی کردووە و لەهەموو ئەو گفتوگۆو دیدارانەشدا جەنابیان جەختیان لەسەر ئەوە کۆدۆتەوە، کە دەبێت دۆخی کەرکووک چاك بکرێت. سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك ئەوا کەس ناتوانێت نکۆڵی لە پاڵپشتی و پشتگیریی بەڕێزیان بۆ ئێمەی کەرکووکییەکان بکات، ڕۆژانە داوای زانیاریی نوێی کردووە لەسەر هەموو ئەو هەنگاو و پێشڤەچوونانە کە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووك نراوە، لەکوێ گرفت و کێشەمان

هاتبێتەبەردەم، هانامان بۆ بردووە و هاوکارمان بووە. ئێستاش کە جەنابیان سەرۆکی حکومەتە و کابینە وەزارییەکەی لە پەرلەمان متمانەی پێ دراوە، ئەوەندەی دیکە دەتوانێت هاوکار و پاڵپشت بێت، بەتایبەتی کە لیژنەکانی حکومەت دەتوانن لەگەڵ لایەنی حکومەتی عێراق باشتر کار بکەن و بە تەوافوق دۆخەکە تێپەڕێندرێت، حکومەتی بەهێز کاردانەوەی زۆر باشی دەبێت بۆ هەوڵەکانی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و پێگەی هەرێم لە دەرەوە بەهێز دەکات، بەتایبەتی لەسەر دووبارە بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنییەکان و گۆڕانکارییە ئیدارییەکان، کە دەبێت هەردوو حکومەت هەماهەنگییان لەسەری هەبێت.

*** بەڵام لایەنی عێراقی تا ئێستا سوورن لەسەر دوو پرسی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجامدانی سەرژمێری، سەرەڕای ئاسایینەبوونەوەی دۆخی شارەکە، ئایا ئەمە دووبارەبوونەوەی مێژوو نییە، بەوەی هەموو سەرژمێرییەکان لە عێراقدا بۆ مەبەست و مەرامی شاراوەی دژ بەکورد دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەشاری کەرکووك و تەواوی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان؟**

- کورد هەرگیز دژی هەڵبژاردن و سەرژمێری نەبووە، بەڵام هەڵبژاردن و سەرژمێرییەك لە دۆخێکی ئاسایی و یاساییدا، پێویستە حکومەتی عێراقی بە پێوەرێکی زانستی و واقیعی کار بکات، سەرەتا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا، ئایا چۆن لە شارێکدا هەڵبژاردن ڕوودەدات کە ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە ماڵ و حاڵیان داگیرکراوە، بارەگای پارتی و هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان داگیرکراوە و هێزی چەکداری تێدا نیشتەجێ کراون، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بۆیە ناچنەوە کەرکووك، چونکە ئەوان نایانەوێت لەم دۆخە عەسکەرتارییەت و خراپەدا شەرعیەت بە داگیرکردن بدەن، هەربۆیە کەی دۆسێی ئەمنی شارەکە بەرەو پێشڤەچوونی بەخۆوە بینی، ئەو کات ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دەگەڕێنەوە و کۆبوونەوەکانیش ئاسایی دەبنەوە و لە خزمەتکردنی کەرکووك و کەرکووکییەکان درێغی ناکەن. سەبارەت بە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەشتان کە تایبەت بوو بەئەنجامدانی سەرژمێری لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ؛ سەرەتا بەهیچ شێوەیەك کورد لەگەڵ ئەوەدا نییە سەرژمێری نەکرێت، بەڵام با کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و خوێندنەوەیەکی مێژوویی و واقیعی بۆ سەرژمێرییەکانی عێراق بکەین، بەتەواوەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەنیا سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ کە کورد پشتی پێ بەستووە و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجام دراوە، دەبێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاش پشتی پێببەسترێت و پێوەرێکی ورد و ڕاستە، بەڵام هەرچی سەرژمێریی دیکە هەیە کە لە غیابی پێکهاتەیەك یان دوو پێکهاتە ئەنجام دراوە و بە سیاسی کراوە و بۆ مەرام و مەبەستی سڕینەوەی کوردستانییەتی کەرکووك ئەنجام دراوە، سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧ بەهیچ شێوەیەك کورد ئیعتیرافی پێ نەکردووە، لەدوای ١٩٥٧ و گۆڕینی حوکمی مەلیکی بۆ کۆماری، پرۆسەیەکی فراوانی تەعریب لەو ناوچانە دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا حکومەتی عێراق باش درکی بەو ڕاستییە کرد کە کەرکووك شارێکی کوردستانییە، هەربۆیە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەبەردەوام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ویستوویانە دیموگرافیای پارێزگاکە و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگۆڕن و مۆرکی نەتەوایەتی کوردی تێدا بسڕنەوە، تەعریب و شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆساید و لەناوبردنی گوندە کوردییەکان هەمووی لەم چوارچێوە دژایەتییەدا هاتووە، سەبارەت بە سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧ کە ئێمە لەکەرکووك نەبووین ئەوا هەر زۆر بەهەڵە و ناتەندروست ئاراستە کرا، ئەمڕۆش لەلایەن زۆر کەسی شۆڤێنی و دوژمنی کوردەوە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدرێت ژمارە و ڕێژەی کورد لە دەستووردا کەم بکرێتەوە، ئەم حاڵەتە وەنەبێت لە ئێستادا تەنیا دژی پێکهاتەی کورد بکرێت، بەڵکو لە عێراقیشدا بەهۆی شەر وماڵوێرانییەکانی عەرەبی سوننەوە بەتەواوەتی پرۆسەی گۆڕینی پێکهاتەکان جێبەجێ دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی واقیعەکەو ئەو شەڕ و ماڵوێرانییەی ناوچە سوننەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەردەوام گۆڕانکاری لە دیموگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و تەواوی ناوچە سوننەنشینەکان کراوە، هەربۆیە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، ئێستا پێویستە عێراق دۆخی ناوچەکان ئاسایی بکاتەوە، ئەوجا ڕوو لە جێبەجێکردنی پرۆسەی سەرژمێریی گشتی بکات.

**حکومەتی بەهێز کاردانەوەی زۆر باشی دەبێت بۆ هەوڵەکانی ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و پێگەی هەرێم لە دەرەوە بەهێز دەکات، بەتایبەتی لەسەر دووبارە بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنییەکان و گۆڕانکارییە ئیدارییەکان، کە دەبێت هەردوو حکومەت هەماهەنگییان لەسەری هەبێت**

**کەی دۆسێی ئەمنی شارەکە بەرەو پێشڤەچوونی بەخۆوە بینی، ئەو کات ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەگەڕێنەوە و کۆبوونەوەکانیش ئاسایی دەبنەوە و لە خزمەتکردنی کەرکووک و کەرکووکییەکان درێغی ناکەن**

**هەرچی سەرژمێریی دیکە هەیە کە لەغیابی پێکهاتەیەک یان دوو پێکهاتە ئەنجام دراوە و بە سیاسی کراوە و بۆ مەرام و مەبەستی سڕینەوەی کوردستانییەتی کەرکووک ئەنجام دراوە**

# کارنامەی کابینەی نۆیەم نەخشەڕێگەیەک بۆ چاکسازی

**ئەو خاڵانەی تیشکی خرایەسەر لە کاتی خوێندنەوەی بەرنامەی کابینەی حکومەت لەلایەن سەرۆک وەزیران بەڕێز (مسرور بارزانی)، خەڵکی کوردستان ماوەیەکی زۆرە تینووی بیستنیانە، بەڵام لە تەک گوێبیستبوونیشیان، چاوەڕوانی ئەوەن بە جددی بچنە واری جێبەجێکردنەوە**

ڕێکەوتـی (١٠)ی جـولای (٢٠١٩) و لـە مـاوەی یاسـایی خۆیـدا، کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان متمانـەی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان وەرگـرت، هـەر لـەو ڕۆژەش سـەرۆکی هەرێـم بەڕێـز (نێچیرڤـان بارزانـی) بـە بانگهێشتی فەرمـی لـە فەرەنسا بـوو بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی دیـدار و کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرۆك کۆمـاری فەرەنسا بەڕێـز (ئیمانۆیـل ماکرۆن) کـە وڵاتەکـەی لـە کاتـە سـەختەکان بـە هانـای گەلـی کوردسـتانەوە هاتـووە، وڵاتێـك کـە لـە تـەك چـوار ئەندامـە هەمیشـەییەکەی دیکـەی ئەنجومەنـی ئاسایشـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەریەکـە لـە (ئەمریـکا، ڕووسـیا، چیـن و بریتانیـا) مـافـی ڤیتـۆی هەیـە و کارەکتەرێکـی کاریگـەر و سـەرەکیی نێودەوڵەتییـە لـەو ئەنجومەنـەو کاراکتـەری گرنـگ و سیاسـەتداڕێژەری ئەورووپـا و جیهانـە.

متمانەبەخشـین بـە حکومەتـی نـوێ لـە کاتێکدایـە کـە ماوەیەکـی زۆر بەسـەر ڕاگەیاندنـی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتاندا تێپەڕیـوە و دانوسـتاندنی پێکهێنانـی حکومەتیـش ماوەیەکـی زۆری خایانـد، بـەڵام شـتێکی شـاراوە نییـە، کـە لـەو حکومەتانـەی بـە تەوافـوق و بەپێـی عـورف و پێشـینەی سیاسـی پێکدەهێنرێـن، تـا ڕاددەیـەك ئاسـاییە پێکهێنانـی حکومـەت لـە مـاوەی چاوەڕوانکـراو زیاتـر بخایەنێـت، ئەمـەش تەنیـا لـە پێنـاو گەیشـتنی لایەنەکانـی پشـکدار لـە حکومـەت بـە ڕێککەوتنـە بـۆ ئـەوەی بـە قەناعەتـی تـەواوە لـە حکومـەت بەشـدار بـن و خۆیـان بـە خاوەنـی ئەنجینـدای حکومەتەکـە بزانـن و شـان بدەنـە بـەر ڕووبەڕوونـەوەی قەیرانـەکان.

هـەروەك بینیمـان کـە گفتوگۆکانـی پێکهێنانـی کابینـەی نۆیـەم درێـژەی کێشـا، بـەڵام حزبـی بـراوە لـە پێنـاو سـەقامگیری و ئارامـی و یەکدەنگـی و بەهێزیـی کوردسـتان و قەناعـەت پێهێنـان و گەیشـتن ڕێککەوتنـی هەرسێ لایەنـی سـەرەکی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و بزووتنـەوەی گـۆڕان) و هەندێـك لایەنـی دیکـە و پێکهاتەکانـی هەرێـم، ئـەم کارەی کـرد، ئـەم سـەبرو پشـوودرێژییە، خـۆی لـە خۆیـدا هەنگاوێکـە بـۆ بەهێزکردنـی هەرێمـی کوردسـتان لـە بەرامبـەر مەترسـیی ناوخۆیـی، ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی. سـەرەڕای ئـەوەی ئەمـە فاکتەرێکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی لایەنـە پشـکدارەکانی کابینەکـە بەرپرسـیارانە شـان بدەنـە بـەر جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیـان، بەمەبەسـتی هێنانـەدی ئامانجەکانـی بەرنامـەی کاری حکومـەت، تاکـو تەنیـا مەبەسـتیان ئیمتیازوەرگرتـن نەبێـت، بەڵکـو لـە هـەر باشـی و کیماسـییەکی حکومەتیـش بەرپرسـیار و پشـکدار بـن، چونکـە ناکرێـت لـە حکومەتـدا بـە ڕۆژ ئۆپۆزسـیۆن و بـە شـەو پشـکدار و ماڵخۆماڵـی بـن.



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

مخابن لەو چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان کە چۆن هەندێك لایەنی بەشداربووی حکومەت بە نەفەسی ئۆپۆزسیۆن و لەوەش ناخۆشتر هەندێك جاریش بە نەفەسی نەیار بۆ ناشرینکردنی روخساری حکومەتی هەرێم کاریان دەکرد، چ لە نێو خودی هەرێم، چ لە بەغدا، یان لە وڵاتانی دیکەی ئیقلیمی و بگرە نێودەوڵەتیش، هەرچەند هێشتاش هەن ئەو کەسانەی کە لە بەغدا هەر بەو نەفەسە کاردەکەن، کە ئەمە بە راستی مەترسییە و پێویستە حکومەتی هەرێم کاری جددی بکات بۆ سنوور بۆدانانیان.

لە دوای متمانەوەرگرتنی کابینەی نۆیەم و لە کاتی پێشکەشکردنی وتار و خوێندنەوەی بەرنامەی کابینە لەلایەن سەرۆك وەزیران بەڕێز (مسرور بارزانی)ـەوە ئاماژە بە زۆر بابەتی گرنگ درا، ئەو خاڵانەی تیشکی خرایەسەر، خەڵکی کوردستان ماوەیەکی زۆرە تینووی بیستنیانە، بەڵام لە تەك گوێ بیست بوونیشیان، چاوەڕوانی ئەوەن بە جددی بچنە واری جێبەجێکردنەوە و بەرنامە و پلان و کاری جددی بۆ هێنانەدییان ئەنجام بدرێت.

یەکێك لە خاڵە ئەرێنییەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەم، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لایەنەکانی پێکهێنەری کابینەکە پێکەوە بەرنامەی چوارساڵی ئایندەیان داڕشتووە، ئەمە جگە لەوەی کە لە نێو کارنامەکە بۆ یەکەم جار بڕیار لەسەر دانانی هەندێك دەستە و دامەزراوە دراوە، وەك دەستەی سندۆقی داهاتی نەوت و دەستەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا و ئەنجومەنی راژە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە نییەتی باش بۆ خزمەتکردن هەیە و هەنگاوێکیشە بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکە چیتر بڕوبیانووی بێئاگایی و نەبوونی شەفافییەت نەهێننەوە و سەری زمان و بنی زمانیان نەبێتە تۆمەتبەخشین بە حزبی خاوەن زۆرینەی پەرلەمانی.

**یەکێك لە خاڵە ئەرێنییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لایەنەکانی پێکهێنەری کابینەکە پێکەوە بەرنامەی چوار ساڵی ئایندەیان داڕشتووە**

کارنامەی کابینەی نۆیەم خۆی لە حەوت ئاستی گرنگ دەبینێتەوە، کە بریتین لە: هێڵی گشتی بۆ کارکردن لەسەر هەریەکە لە (چاکسازی، خزمەتگوزاری، پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان، پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێم و نێودەوڵەتی، ئابووری و دارایی و ئاستی کارگێڕی). هەر یەك لەو ئاستانەش خاڵی گرنگی لەخۆگرتووە، کە بە دانانی پلان و بەرنامەی وردتر، دەکرێت بە رێژەیەکی بەرچاو گرفتەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە واقیع و بارودۆخی ناهەمواری ناوچەیی و هەرێمی و ناسەقامگیریی هاوکێشە دارایی و ئابوورییەکان، مەترسی و کاریگەریی نەرێنییان بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەندێك لەو ئامانجانە دەبێت، بەو جۆرەی کە حکومەتی

هەرێم ئاواتی بۆ دەخوازێت، بەڵام بە یەکڕیزی دەکرێت باشتر بەرگەیان بگیرێت.

بێگومان دانانی بەرنامەی کاری حکومەت کە بتوانێت بەچەند لاپەڕەیەك بپرژێتە سەر ورد و درشتیی هەموو کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگە، شتێکی ئەستەمە، بەڵام دەکرێت دواتر لە نێو ئەو هێڵە گشتییانە و لە پراکیتیزەکردنی لە ئەرزی واقیع لق و پۆپی دیکەی لێ ببێتەوە و حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتەکانەوە وردتر کار بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو خاڵە وردانەی کە باس نەکراون.

ئەوەی من وەك شرۆڤەکارێك دەمەویست لە تەك هەموو خاڵە گرنگەکانی دیکە و لە نێو بەرنامەکە و لە تەك گەنج و ئافرەت بە زەقی ئاماژەی پێ درابوایە، (منداڵ و بەساڵاچوو) بوو، کە لە گرفت و کێشەکان لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر ئازار و زەرەریان پێ دەگات، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە و دانانی بەرنامەیەکی تۆکمەتر بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتییەکی هەژیتر بۆیان، منداڵ نەوەی داهاتووی کوردستانن و هێزی ئێمەن لە داهاتوو، ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە بەرنامەیەکی گونجاو نەوەیەکی تەندروست و چاوکراوە و بەهێز بۆ ئایندەی کوردستان ئامادە بکەین.

خۆشبەختانە بە تیڕوانین لە وتاری سەرۆك وەزیران و کارنامەی حکومەت ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لەتەك بابەتەکانی دیکە کە ئاماژەی پێدراوە، یەکێك لە کارە لەپێشینەو یەکەمینەکانی کابینەی نۆیەم کە خواستی سەرەکی و یەکەمی سەرۆك وەزیرانیشە، بریتی دەبێت لە بابەتی چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران و سزادانی سەرپێچیکەران، بە جۆرێك کە ڕێگە بە بەرپرسانی باڵای حکومەت نادات کە پێگەی کارگێڕیی خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێنن، سەرەڕای ئەوەی کە نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوەیان بەرامبەر دەکرێت، ئەمانە ئەو بابەتە گرنگانەن کە هاووڵاتیانی هەرێمی زۆر دڵخۆش کردووە و بە جێبەجێکردنیشی متمانەی خەڵك بە حکومەت زیاتر و زیاتر دەکات و بێگومان خاڵی سەرکەوتنی سەرۆك وەزیران و کابینەکەشی دەبێت.

بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی هەرێم و ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نزیککردنیان لە ستانداردە سەربازییەکان و کارکردن بۆ فەراهەمکردنی باشتری خزمەتگوزاریی سەرەتایی و خزمەتکردنی شایستەی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیان و برینداران و بەهێزکردنەوەی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هەڵواسراوەکانی نێوانیان و چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمی فیدراڵیی دروست، کارکردن بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان و چەندین بابەتی دیکەی نێو کارنامەکە خاڵی گرنگن، کە چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ هێنانەکایەیان، ژیانێکی باشتر بۆ هاووڵاتیانی هەرێم دەستەبەر دەکات و هۆکاری بەهێزترکردنی پێگەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان دەبێت.

خاڵێکی هەر گرنگ کە خاڵێکی ئەرێنییە و پێم وایە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم، بەو مەرجەی لەلای پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی لەسەر بنەمایەکی دروست و یاسایی و دوور لە میزاجی کەسی و سیاسی کاری لەسەر بکرێت، بریتییە لە کاراترکردنی کاری چاودێریی پەرلەمانی بەسەر دامودەزگاکان و کابینەی حکومەتەوە، لە پێناو ئەوەی وەزیر و بەرپرسی حکوومی لەژێر چاودێریی وردی پەرلەمان بن و هەمیشە هەوڵبدەن ئەدایەکی باش پێشکەشی هاووڵاتیانی هەرێم بکەن وخۆیان لە کێماسی و گەندەڵی بەدوور بگرن، بۆ ئەوەی لەو کاتەی بە شێوەیەکی ئوسووڵی و یاسایی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن، مەلەفیان خاوێن بێت و بەئاسانی تۆمەتیان بۆ دروست نەکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە بەم هەنگاوەو لە کاتی ئاراستەکردنی پرسیار و ئیستیجوابی پەرلەمانی لە وەزیر و بەرپرسە حکوومییەکان، کێماسییەکان زیاتر ئاشکرا دەبن و ئەدای باش و خراپی وەزیر و بەرپرسەکانی کابینە دەردەکەوێت و دەکرێت باشتر هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدرێت. بەم ڕێگەیەشەوە لە جیاتی ئەوەی هەموو کابینەکە

**منداڵ نەوەی داهاتووی کوردستانن و هێزی ئێمەن لە داهاتوو، ئەمەش ئەوە دەخوازێت بە بەرنامەیەکی گونجاو نەوەیەکی تەندروست و چاوکراوە و بەهێز بۆ ئایندەی کوردستان ئامادە بکەین**

**یەکێک لە کارە لەپێشینەو یەکەمینەکانی کابینەی نۆیەم کە خواستی سەرەکی و یەکەمی سەرۆک وەزیرانیشە، بریتی دەبێت لە بابەتی چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران و سزادانی سەرپێچیکەران**

**کارنامەی کابینەی نۆیەم بە ڕوونی تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە حکومەت پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکات و پابەند دەبێت بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان و ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرێت**



بکەوێتە ژێر پرسیار و تۆمەت، ئەوا تەنیا وەزیرێ، یان وەزارەتەکەی و بەرپرسە حکوومییەکە کە کەمتەرخەمی کردووە، بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەرشانی، چونکە ناکرێت لەبەر خاتری تاکە کەسێکی نابەرپرس تەواوی کابینەکە بکەوێتە بەر تانە و تۆمەت.

بە خوشحاڵییەوە کارنامەی کابینەی نۆیەم بە روونی تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە حکومەت پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکات و پابەند دەبێت بە هەموو رێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان و رێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرێت.

هەر بۆیە خاڵێکی ئەرێنی دەبێت ئەگەر پارتە سیاسییەکان خۆیان دەستپێشخەر بن و هانی پەرلەمانتارەکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی خۆیان زیاتر لە پەرلەمانتارانی حزبەکانی دیکە چاودێر بن بەسەر وەزیرەکانی پارتەکانیانەوە و رێگەنەدەن وەزیرەکانی حزبەکەیان ببنە هۆکاری شێواندنی سومعەی کابینەکە بە گشتی و سومعەی ئەو حزبەی کە وەزیرەکە، یان بەرپرسە حکوومییەکەی کاندید کردووە. بەم رێگەیەشەوە سەرۆك وەزیران باشتر ئاگاداری ئەدای کاری وەزیرەکانی دەبێت و دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر کۆنتڕۆڵی کابینەکەی بکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری کابینەکەی لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان.

**خاڵێکی ئەرێنی دەبێت ئەگەر پارتە سیاسییەکان خۆیان دەستپێشخەر بن و هانی پەرلەمانتارەکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی خۆیان زیاتر لە پەرلەمانتارانی حزبەکانی دیکە چاودێر بن بەسەر وەزیرەکانی پارتەکانیانەوە**



**بۆتان ئەحمەد**

**سیاسەتمەداری باکوور بۆ گوڵان:**

# پەکەکە لای کوردان پەراوێز خراوە و دەیەوێت بە شەڕ و ئاژاوە خۆی زیندوو بکاتەوە

**کێشە و گێچەڵی پەکەکە بە تەواوی هێزە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، کێشەیەکی تازە نییە، ئەم حزبە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە ئایدیۆلۆژیەتێکی توندڕەوی ستالینی و پۆل پۆتی پیادە کردووە و ئەوەی لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیەتەکەی خۆی بێت، بە دوژمنی دەزانێت و چەندی بۆی بکرێت بە دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لەدوای دامەزراندنی یەکەم پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان، پەکەکە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیداوە ئەم ئەزموونە لەبار بەرێت و چەندین جار شەڕی خوێناوی لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییانە کردووە کە پارێزگارییان لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستانی کردووە و، چەندین جاریش هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی هەوڵیانداوە کێشەو گێچەڵی پەکەکە بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە چارەسەر بکەن، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ پەکەکە زیاتر شووڵی لێ هەڵکێشاوە و زیاتر هەڕەشەی لە ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان کردووە، هەتا گەیشتۆتە ئەوەی بەم دواییە هێزێکی چەکداری پێکهێناوە و دەیەوێت شەڕی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکات، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و گێچەڵەکانی پەکەکە بە هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بۆتان ئەحمەد سیاسەتمەداری باکوور ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەگەڵ ئەوەی پەکەکە بە درێژایی تەمەنی خۆی نەیتوانیوە تەنیا گوندێکی کوردستانی تورکیا ئازاد بکات، بەڵام لە ئێستادا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئایا بە بۆچوونی ئێوە دۆخی پەکەکە ئێستا لە کوردستانی تورکیا چۆنە؟**

- بە تێڕوانینی من وەزعی پەکەکە لەناو کوردانی باکووردا زۆر خراپە، بەشی زۆری ئەو بەرپرسانەی کوردی باکوور لە شەڕەکانی پەکەکەدا کوژراون و تەنانەت دەوڵەتی تورکیا دەڵێت: «تەنیا ٧٠٠ چەکداری پەکەکە ماون»، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا بارودۆخەکەی کۆنتڕۆڵ کردووە و پەکەکەش توانای جووڵەی سەربازی لە باکووری کوردستان نەماوە، ئەمەش مانای ئەوەیە رووی سەربازییەوە پەکەکە لە باکوور لە کەماسیەکی گەورەدایە، هۆکاری ئەم کەماسیەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەکەکە دوو شەڕی خەندەقی کرد، هەموو کەس دەزانێت ئەو شەڕانە زۆر بێ مانا بوون، لەبەر ئەوەی لانیکەم ٨-١٠ هەزار گەنجی کوردی بە کوشتن دا، بۆیە لە ئێستا کوردی باکوور بە هیچ شێوەیەك پشتگیری پەکەکە ناکەن، هەروەها کوردی باکوور لە پەکەکە نیگەرانن، لەبەر ئەوەی لەوە تێگەیشتوون ئامانج و ستراتیژیەتی پەکەکە هیچ پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە نییە و ئەوان رەچاوی هیچ بەرژەوەندییەکی کورد و کوردستان ناکەن و، ئەوەی دەیکەن بریتییە لە وێرانکردنی گوندو شارەکانی کوردستان و بە کوشتدانی گەنج و لاوی کورد، دیارە هەموو ئەو شەڕانەش کە پەکەکە دەیکات، تەنیا بۆ ئەوەیە خۆی لەو تەنگژەیە رزگار بکات کە ئێستا تێی کەوتووە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەم نیگەرانییەی کوردانی باکوور لە پەکەکە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کوردی باکوور بێدەنگ بێت، بەڵکو لە بۆنەکانی وەك هەڵبژاردن و نەورۆز دەبینین بە سەدان هەزار کورد دێنە دەرەوە و بەشداری بۆنە نیشتمانییەکان دەکەن و بە فراوانی بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەمەشی کە دەیکەین، خۆشەویستییە بۆ خاك و نیشتمان، نەك وەڵامدانەوەی خواستەکانی پەکەکە بێت. ئێستا پەکەکە لەم حاڵەتە خراپ و پەراوێزخراوەدایە لەناو کوردانی باکوور و ناتوانێت لە باکوور تەنیا یەك هەنگاویش هەڵبگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پەکەکە پێویستی بە کەشێکی فەوزا و ناسەقامگیری هەیە، بۆ ئەوەی شکستەکانی خۆی پێ بشارێتەوە، ئێستا هەوڵدەدات لە هەرێمی کوردستان ئاژاوە و ناسەقامگیری دروست بکات. پەکەکە بە جۆرێك

**پەکەکە دوو شەڕی خەندەقی کرد، هەموو کەس دەزانێت ئەو شەڕانە زۆر بێ مانا بوون، لەبەر ئەوەی لانیکەم ٨-١٠ هەزار گەنجی کوردی بە کوشتن دا**

**کوردی باکوور لە پەکەکە نیگەرانن، لەبەر ئەوەی لەوە تێگەیشتوون ئامانج و ستراتیژیەتی پەکەکە هیچ پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە نییە و ئەوان رەچاوی هیچ بەرژەوەندییەکی کورد و کوردستان ناکەن**

**پرۆپاگەندەکانی پەکەکە لە دژی پارتی یەکەم جار لە دژی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەستیان پێکرد و وایان پیشان دا کە بەڕێز سەرۆک بارزانی لەو بابەتە ئاگادار نییە، بەڵام کە زانییان پارتی لەوە گەورەترە بە پڕوپاگەندەی ئەوان دووبەرەکی تێ بکەوێت، ئێستا هەموو ئەندامێکی پارتی تاوانبار دەکەن**

**پەکەکە هەتا ئێستا لە قووڵایی ٢٥ کیلۆمەتر لەناو خاکی باشووری کوردستان شەڕ و ئاژاوەی دروست کردووە و بە سەدان گوندی ناچار کردووە کە چۆڵ بکرێن**

**دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان سوودێکی زۆر لەم ئاژاوەگێڕییەی پەکەکە وەردەگرن و حەزدەکەن سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێت، بۆیە پەکەکە ئەم هەوڵەی بۆ دروستکردنی ئاژاوە لە هەرێمی کوردستان، شەڕێکی بەوەکالەتە و بۆ دوژمنانی کوردستان بەڕێوەی دەبات**

**ئێمەومانان کە بۆمان دەرکەوت پەکەکە لەدروشمی سەربەخۆیی کوردستان پاشگەز بۆتەوە، بۆیە لە پەکەکە جیابووینەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە خەڵک بزانن لەناو پەکەکە هەستی کوردبوون و کوردستانیبوون بوونی نەماوە**

پڕۆپاگەندەی ژەهراوی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، کە دوژمنانی کوردستانیش پڕوپاگەندی وایان نەکردووە و ئامانجەکەیان دوورە لە ئەقڵانییەت و کوردایەتی، بێگومان ئامانجی پەکەکە لەم پڕوپاگەندە ژەهراوییانەشی دژی پارتی، بۆ ئەوەیە شەڕێکی دیکەی نێوان کورد و کورد هەڵبگیرسێنێت، لەوانەیە پشتر خەڵکانێك بە گومان بوون لەو سیاسەتە قێزەونەی کە پەکەکە پیادەی دەکات، بەڵام ئێستا کوردانی باکوور و باشووریش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پەکەکە بۆیە ئەم سیاسەتە قێزەونە پیادە دەکات، بۆ ئەوەی خۆی لەو تەنگژەیە قوتار بکات کە تێی کەوتووە.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە پەکەکە وەك هێزی سەربازی ئەو توانایەی نییە کە شەڕی بەرەیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەی ئەو هەڕەشانەی ئێستا مانای چییە؟**

- پێشتر پەکەکە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەو ئامانجە شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەکرد، کە پێی وابوو هێزێکی گەورەی هەیە و دەتوانێت هەرێمی کوردستان لە دەستی پارتی و یەکێتی دەربهێنێت، بەڵام پەکەکە ئێستا دەزانێت ئەو هێزەی نییە کە شەڕی بەرەیی دژی حکومەتی کوردستان بکات، هەروەها دەشزانێت خۆی لە تەنگژەیەکی گەورەدایە، بۆیە کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی بەوەی پارتی بۆتە پاشکۆی تورکیا، لەم حاڵەتەشدا کە ناتوانێت شەڕی بەرەیی بکات، کەوتۆتە حاڵەتێکی بێ ئومێدی و پەنا دەباتە سەر شێوازی ناردنی دەستەی بچووك بچووك ( ٨-١٠ ) کەسی بۆ ئەوەی کاری تێکدان و ئاژاوە و کوشتن ئەنجام بدەن، راشکاوانەتر واتە پەنابردنە بەر کاری تیرۆریستی بۆ ئەوەی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێنێت.

*** ئەوەی لە پڕوپاگەندەکانی پەکەکە دەردەکەوێت، جۆرێك لە هەڵکشان و داکشانی پێوە دیارە و ماوە ماوە شێوازی پڕۆپاگەندەکانی دەگۆڕێت، ئایا ئەم پڕوپاگەندانەی پەکەکە خۆی هۆکارێك نییە بۆ هاندانی تورکیا بۆ ئەوەی تورکیا بێتە ناوخاکی هەرێمی کوردستانەوە؟**

- هەر هۆکارێك ببێتە ئەگەری دروستبوونی ناسەقامگیری، پەکەکە پەنای بۆ بردووە، ئاشکرایە پەکەکە لە رووی خەباتی سیاسییەوە و لەژێر ناوی جۆراوجۆری رێکخراوەکاندا لە هەرێمی کوردستان رێگری لێ نەکراوە، هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو رێکخراوانەی پڕوپاگەندەیان بۆ پەکەکە دەکرد، لە بەهاری ئەمساڵ بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد، ئەوان ئامادەن دژی دەوڵەتی تورکیا شەڕ بکەن، دەوڵەتی تورکیا بۆ وەڵامدانەوەی پەکەکە هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە پەکەکە خۆی بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە، سوپای تورکیا بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، ئەوجا دوای ئەوەی تورکیا هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، پەکەکە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەمە خەتای پارتییە، ئەمەش مانای ئەوەیە پەکەکە رووی خۆی لە تورکیا وەرگێڕاوە و کەوتۆتە گیانی پارتی. سەبارەت بە پڕوپاگەندەکانیشیان دژی پارتی یەکەم جار دژی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەستیان پێکرد و وایان پیشان دا کە بەڕێز سەرۆك بارزانی لەو بابەتە ئاگادار نییە، بەڵام لەم ١٠-١٢ رۆژەی دوایی کە زانییان ناتوانن دووبەرەکی لەناو پارتی دروست بکەن و پارتی لەوە گەورەترە بە پڕوپاگەندەی ئەوان دووبەرەکی تێ بکەوێت، ئێستا هەموو ئەندامێکی پارتی تاوانبار دەکەن، لەمەش زیاتر ئێستا دەزانن پارتی رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەیە، پەکەکە هێرش دەکاتە سەر گۆڕانیش، هەروەها پشتر دەیانگوت یەکێتی دژی ئەو سیاسەتەیە کە پارتی پیادەی دەکات، بەڵام دوای رێککەوتنی یەکێتی و پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئێستا هێرش دەکەنە سەر یەکێتی و دەڵێن: نیوەی یەکێتی دژی سیاسەتی پارتین و نیوەکەی دیکەیان لەگەڵ پارتی بوونەتە یەك بەرە، بۆیە هێرش دەکەنە سەر یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش، هەموو ئەم پڕوپاگەندانەی پەکەکە بۆ ئەوەیە بڵێت: مادام دەوڵەتی تورکیا بە تەواوەتی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانی کردووە و ئەو حکومەتەشی لە هەرێمدا هەیە، پاشکۆی دەوڵەتی تورکیایە، بۆیە لەسەر بنەمای ئەم پڕوپاگەندە بێ بنەمایە بانگەشەی ئەوە دەکەن، مادام حکومەتی هەرێمی کوردستان پاشکۆی دەوڵەتی تورکیایە، ئەوا ئەوان دەیانەوێت هەرێمی کوردستان رزگار بکەن، ئەمەش

مانای ئەوەیە وازیان لە شەڕی دژی تورکیا هێناوە و دەیانەوێت شەڕێك لە دژی هەرێمی کوردستان هەڵبگیرسێنن. بێگومان شەڕی پەکەکە ناسەقامگیری لە کوردستان دروست دەکات، پەکەکە هەتا ئێستا لە قووڵایی ٢٥کیلۆمەتر لەناو خاکی باشووری کوردستان شەڕ و ئاژاوەی دروست کردووە و بە سەدان گوندی ناچار کردووە کە چۆڵ بکرێن، هەروەها بە بەردوامی لەناو خاکی هەرێمەوە ئیستفزازی تورکیا دەکەن و ئەوانیش دێن ئەو ناوچانە بۆردومان دەکەن و هاووڵاتیانی سڤیل دەبنە قوربانی، بێگومان دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانیش سوودێکی زۆر لەم ئاژاوەگێڕییەی پەکەکە وەردەگرن و حەزدەکەن سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێت، بۆیە پەکەکە ئەم هەوڵەی بۆ دروستکردنی ئاژاوە لە هەرێمی کوردستان، شەڕێکی بەوەکالەتە و بۆ دوژمنانی کوردستان بەڕێوەی دەبات.

*** پەکەکە لە سەرەتا خۆی وەك ئاڵاهەڵگری بیری نەتەوەیی پیشان دەدا و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی دەکرد، بەڵام ئێستا خۆی دژی دەوڵەتی کوردستان قسە دەکات، ئایا ئەم دووفاقییە لە سیاسەتی پەکەکە چ مانایەکی هەیە؟**

- پێشتر عەبدوڵا ئۆجەلان بە ئێمەی دەگوت، هەر جووڵانەوەیەك بۆ ماوەی ١٥ساڵ خەباتی کردو سەرنەکەوت، ئەوا لەوە دوا تێکدەشکێت، ئەگەر لەسەر ئەم قسەیەی ئۆجەلان سەیری ئێستای پەکەکە بکەین، ئەوا پەکەکە نزیکەی ٤٠ ساڵ تەمەنیەتی و هیچی بە هیچ نەکردووە، پەکەکە لە سەرەتایدروستبوونی دەیگوت: ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دروست دەکەین، ئەوکات دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئۆتۆنومی بوو، پەکەکە لەبەرامبەر ئەمە دەیگوت داواکردنی ئۆتۆنومی خیانەتە. بەڵام کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی هەوڵیاندا دەوڵەت دروست بکەن، ئینجا پەکەکە دەیگوت، ئەوەی هەوڵبدات دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت، دوژمنی خەڵکی کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە بە تەواوەتی هەڵوێستی پێچەوانەی ئەو قسانەی بوو کە پێشتر دەیکردن، هەر بۆیە لە دەستپێکی جووڵانەوەی پەکەکەدا خەڵکی کوردستان بەو هەست و گیانە چوونە ریزەکانی پەکەکە بۆ ئەوەی لە پێناوی بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردستان خەبات بکەن، بە راستی ئێمەومانان کە بۆمان دەرکەوت پەکەکە لەدروشمی سەربەخۆیی کوردستان پاشگەز بۆتەوە، بۆیە لە پەکەکە جیابووینەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو کە خەڵك بزانن لەناو پەکەکە، هەستی کوردبوون و کوردستانیبوون بوونی نەماوە. هەر لەم چوارچێوەشدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین پەکەکە دژایەتی هەموو حزبە کوردییەکانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان کردووە و لەکوێ هەستی کردبێت، هەست و گیانی کوردایەتی لای لایەنێکی سیاسی بەرەوی پێ دەدرێت، پەکەکە هێرشی کردۆتە سەر و شەڕی لەگەڵدا کردووە، بەمەش بۆتە باشترین چەك بەدەستی دوژمنانی کوردستانەوە.

*** پەکەکە لەماوەی شەڕی دژی داعش بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، گوایە پێشمەرگە ناتوانێت کوردستان بپارێزێت، بۆیە چووەتە شنگال، بەڵام دواتر شنگالی تەسلیمی حەشدی شەعبی کرد، تێڕوانینتان لەسەر ئەم قسانەی پەکەکە چییە؟**

- ئێستاش پەکەکە هەر بەو بیانووە قسەدەکات و دەڵێت، پێشمەرگە ناتوانێت کوردستان بپارێزێت، بۆیە ئێمە هێزێك دروست دەکەین بۆ ئەوەی کوردستان بپارێزین. تورکیا دەڵێت، پێشمەرگە ناتوانێت سنوورەکانی بپارێزێت، بۆیە ئێمە دێینە ناو خاکی هەرێم بۆ ئەوەی تیرۆریستان دەربکەین، پەکەکە لە دروستکردنی ئەم زەمینەیە بەرنامەیەکی سەیر و ترسناکی هەیە و هەموویشی دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستانە، فەرموو ئەوەتا رێگەی نەدەدا قایمقامی شەرعیی شنگال دەوامی ئاسایی خۆی بکات، بەڵام پاشان شنگالی تەسلیمی حەشدی شەعبی کرد، خۆ ئەگەر سبەیش پێشمەرگە بۆ پاراستنی (ئاقاشین و خواکورکوك و زاب و قەندیل) بخوازێت بچێتە سنوورەکان و بپارێزێت، بە دڵنیاییەوە پەکەکە شەڕی پێشمەرگە دەکات و شەڕی نێوان کورد و کورد هەڵدەگیرسێنێت، بەمەش دەیەوێت بێ ئومێدی لەناو گەلی هەرێمی کوردستان دروست بکات و متمانە لەنێوان خەڵك و حکومەتی کوردستاندا نەهێڵێت، هەروەها دەخوازێت کارێك بکات کە هانی حکومەتی عێراق بدات، بە

**سەرانی پەکەکە بەوجۆرە بیر دەکەنەوە، گرنگ نییە کوردستان بە دەست چ داگیرکارێکەوە بێت، بەڵام نابێت بە دەستی رۆڵەی ئەم نیشتمانەوە بێت، بەتایبەتیش نایەوێت رێبازی بارزانی و پارتی ئەو شکۆیەی ئێستایان هەبێت**

**پێویستە ئەو حزبانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن، خاوەنی یەک گوتار و یەک ئیرادە بن، بۆ ئەوەی پیلانەکانی پەکەکە پووچەڵ بکەنەوە**

**کوردانی رۆژئاوا وەک خەڵکانێکی مەدەنی کە سەر بە هیچ پارتێکی سیاسیش نەبوون، لە ژێر کاریگەری سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە لەسەر پەیەدە زیاتر لە یەک ملیۆن کەسیان وڵاتی خۆیان بەجێهێشتووە**

**دەبێت بارودۆخی رۆژئاوا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بە شێوەیەکی فرەلایەنی حوکمڕانی بکرێت و هەموو حزبەکان بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی زەمینەیەک بێتەئاراوە کە ئەو خەڵکە ئاوارەیە بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە**



**دوای ئەو سەرکەوتنەی کە هەدەپە زیاتر لە ٨٠ کورسیی پەرلەمانی تورکیای بەدەست هێنا، دەیانتوانی لە پرۆسەی سیاسیی تورکیا رۆڵێکی گەورە بگێرن و ببنە شەریک و هاوبەش لە حکومەتی تورکیادا، بەڵام بەداخەوە پەکەکە بواری ئەمەی نەدا و شەڕی خەندەقی هەڵگیرساند**

**ماوەیەکی زۆرە پەکەکە وەک کلاینت (وەکیل یان بەڵێندەر) کار بۆ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان دەکات، بۆیە ئەو دەوڵەتانە چی بخوازن بە پەکەکە جێبەجێی دەکەن و پەکەکەش بۆیان جێبەجێ دەکات**

**پەکەکە بە هەمان ئەقڵییەتی سەدام و بەعس سیاسەت دەکات، بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندیی کورد و کوردستانی مەبەست نییە، ئەوەی مەبەستێتی ئەوەیە کەس رەقیبی نەبێت**

**پەکەکە لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکات، ئەگەر هەمووی بۆ خۆی نەبوو، دەبێت لەوانی دیکەش تێکی بدات**

بیانووی پاراستنی هەرێمەوە هێزەکانی بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، سەرانی پەکەکە بەوجۆرە بیر دەکەنەوە، گرنگ نییە کوردستان بە دەست چ داگیرکارێکەوە بێت، بەڵام نابێت بە دەستی رۆڵەی ئەم نیشتمانەوە بێت، بەتایبەتیش نایەوێت رێبازی بارزانی و پارتی ئەو شکۆیەی ئێستایان هەبێت، هەر بۆیەشە بە پلەی یەکەم دژایەتی پارتی و رێبازی بارزانی دەکات. لەم بارودۆخەدا گرنگە حکومەت رێگری لەوە بکات ئەم شەڕفرۆشتنەی پەکەکە ببێتە شەڕی نێوان پەکەکە و هەر حزبێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە ئەو حزبانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن، خاوەنی یەك گوتار و یەك ئیرادە بن، بۆ ئەوەی پیلانەکانی پەکەکە پووچەڵ بکەنەوە، ئەگەر بەمجۆرە بڕیار بدەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە پیلانەکەی پەکەکە بۆ خەڵك ئاشکرا دەبێت و بە ئاسانی پووچەڵ دەبێتەوە.

*** لە دوای راپەڕینەکانی گەلانی سووریا، کوردانی رۆژئاوا دەرفەتێکی باشیان بۆ هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام پەیەدە لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی پەکەکە رەوتێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی پیادە کرد، کە وای کرد نزیکەی یەك ملیۆن کوردی رۆژئاوا دەربەدەر بن، کە لە ئێستادا نزیکەی ٣٠٠ هەزاریان لە هەرێمی کوردستانن، ئایا بۆچی پەکەکە بە سیاسەتی هەڵە خەڵکی رۆژئاوای دەربەدەر کرد؟**

- کوردانی رۆژئاوا وەك خەڵکانێکی مەدەنی کە سەر بە هیچ پارتێکی سیاسیش نەبوون، لەژێر کاریگەری سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە لەسەر پەیەدە زیاتر لە یەك ملیۆن کەسیان وڵاتی خۆیان بەجێهێشتووە، کە زیاتر لە ٣٠٠ هەزاریان چوونەتە تورکیا و هێندەشیان لە هەرێمی کوردستانن و ئەوەندەی دیکەشیان چوونەتە هەندەران، هەروەها (ئەنەکەسە و لەشکری رۆژ)یش کە ئەوانیش دوو هێزی کوردانی رۆژئاوان، هەوڵیانداوە هیچ رووبەڕووبوونەوەیەك لە سیاسەتی پەکەکە و پەیەدە دروست نەکەن، بۆ ئەوەی رەوشەکە لەوە خراپتر نەبێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا پەیەدە ئەوکات لە ژێر کاریگەریی پەکەکە کانتۆنیان دروستکرد، بەڵام شێوازێکی دیکتاتۆری زۆر توندیان پیادە کرد، پەیەدە سوودێکی زۆری لە شەڕی دژی داعش وەرگرت، ئەوکات بەهۆی ئەو شەڕەوە هەوڵیدا خۆی بەهێز بکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی شەڕەکە تەواو بوو، خەڵك لە حاکمییەتی پەیەدە نارازی بوو، بۆیە ئەمریکا و فەرەنسا هاتنە سەرخەت بۆ ئەوەی باشوور لەسەر رۆژئاوا کاریگەری هەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا تا رادەیەکی زۆر دەبێت پەیەدە لە ژێر کاریگەریی پەکەکە خۆی رزگار بکات، بۆیە ئێستا پەکەکە لە رۆژئاوا خەریکە کۆتایی دێت، بۆیە دەیەوێت لە هەرێمی کوردستان شەڕێك هەڵبگیرسێنێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، دەبێت بارودۆخی رۆژئاوا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بە شێوەیەکی فرەلایەنی حوکمڕانی بکرێت و هەموو حزبەکان بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بێتەئاراوە کە ئەو خەڵکە ئاوارەیە بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە، ئاشکراشە هێزی ئەنەکەسە و لەشکری رۆژ، ئەو خەڵکانەن کە رۆژئاوایان بەجێهشتووە، بە گەڕانەوەی ئەو خەڵکەش کاریگەریی هێزە سیاسییەکانی دیکەش زیاتر دەبێت.

*** لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥ی تورکیا، هەلێکی زێڕین بۆ هەدەپە هاتەپێشەوە و زیاتر لە ٨٠ کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بەدەستهێنا و بۆ یەکەمین جار بەربەستی ١٠٪ بۆ چوونە ناو پەرلەمانی تورکیای بەزاند، بەڵام سیاسەتی هەڵەی پەکەکە وایکرد، کورد نەتوانێت سوود لەم هەلە وەربگرێت و رۆڵیکی گرنگ لە پرۆسەی سیاسیی تورکیادا بگێڕن، ئایا بۆچی**



**هێنده هەدەپە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیاسەتە هەڵەکانی پەکەکە؟**

- دوای ئەو سەرکەوتنەی کە هەدەپە زیاتر لە ٨٠ کورسیی پەرلەمانی تورکیای بەدەست هێنا، دەیانتوانی لە پرۆسەی سیاسیی تورکیا رۆڵێکی گەورە بگێرن و ببنە شەریك و هاوبەش لە حکومەتی تورکیادا، بەڵام بەداخەوە پەکەکە بواری ئەمەی نەدا و شەڕی خەندەقی هەڵگیرساند کە بە هەموو مانایەك شەڕێکی بێ مانا بوو، لە ئاکامی ئەم شەڕە بە هەزاران لە ئەندامانی هەدەپە کەوتنە زیندانەوە و هەدەپەش کەوتە ناو دەستی چەپی تورکیا، بەمەش وایلێهات گیانی کوردایەتی کە لەناو هەدەپە بوو، تەنیا ئەو ئەو کەسانە بوون کە ئێستا یان لە زیندانن، یان لەدەرەوەی هەدەپەن.

*** وەك دواپرسیار بە بۆچوونی ئێوە بۆچی پەکەکە لە هەر شوێنێك کورد سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت، هەوڵدەدات لە باری بەرێت؟**

- ماوەیەکی زۆرە پەکەکە وەك کلاینت (وەکیل یان بەڵێندەر) کار بۆ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان دەکات، بۆیە ئەو دەوڵەتانە چی بخوازن بە پەکەکە جێبەجێی دەکەن و پەکەکەش بۆیان جێبەجێ دەکات. پەکەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانە کوردایەتی کردۆتە پەردەیەك و لەژێر ئەو پەردەیەوە دژایەتی کورد و کوردستان دەکات، دیارە پەکەکە ماوەی ٤٠ ساڵە ئایدیۆلۆژیەتێکی هاوشێوەی (ستالین و پۆل پۆت و سەدام) پیادەکات، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە لە ساڵانی دوای ٢٠٠٠ سەردانی (مووسڵ )مان کردو لەگەڵ یەکێك لە ژەنراڵەکانی سوپای عێراق کۆبووینەوە، لەوێ پێمان وت: ئێوە بۆ لەگەڵ کوردی خۆتان رێکناکەون؟ ئەگەر رێکبکەون ئەمریکا ناتوانێت هێرش بکاتە سەر عێراق. لە وەڵامدا ژەنراڵەکەی سوپای عێراق پێی گوتین: ئەمریکا دەتوانێت تەنیا لە ئاسمانەوە بۆمبارانمان بکات و ناتوانێت لەسەر زەوییەوە هێرشمان بکاتە سەر، لەبەر ئەوەی ئەگەر هێرش بکات، تەنیا پێنج سەربازی ئەمریکی بەدیل بگرین و سەریان ببڕین و گۆشتەکەیان ببرژێنین، ئەوا ئەوانی دیکە هەموویان هەڵدێن و شەڕ ناکەن، دیارە سەدام بەو ئەقڵە سیاسەتی کرد، بۆیە سەرەنجام هەموو شتێکی لەدەستداو خۆی و کوڕەکانیشی کوژران، ئێستا پەکەکەش بە هەمان ئەقڵییەتی سەدام و بەعس سیاسەت دەکات، بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندیی کورد و کوردستانی مەبەست نییە، ئەوەی مەبەستێتی ئەوەیە کەس رەقیبی نەبێت. پەکەکە ئەمرۆ پارتی بە رەقیبی خۆی دەزانێت و دەیەوێت کێشەی بۆ دروست بکات، سبەی لایەنێکی دیکە هەبێت کێشە بۆ ئەویش دروست دەکات، لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکات، ئەگەر هەمووی بۆ خۆی نەبوو، دەبێت لەوانی دیکەش تێکی بدات.

# هەڵکشانێکی خێرا لە بەشدارییپێکردنی ئافرەت و نەبوونی ئەجندایەکی روون

ئەڵبەتە بەشدارییپێکردنی ئافرەت و دانانیان لە ناوەندی بڕیار و دەزگا تەشریعی و تەنفیزییەکاندا، خەون و داوای ئافرەتان خۆیان وداکۆکیکاران لە مافی ئافرەتانە، چ لەسەر ئاستی کەسی و چ لەسەر ئاستی حزب و ڕێکخراوەکان، هاوکات سیمایەکی جیهانییشە و بەردەوام دەبینین ئافرەتان لە ئاستی جیهاندا لە زۆربەی وڵاتەکاندا بەشدارییپێکردنیان لە هەڵکشاندایە. بوونی ئافرەتان لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد هەر لەسەرەتاکانەوە ڕۆڵیان هەبووە و بە شێوازی جۆراوجۆر هاوکاریی سەرکەوتنەکانی شۆڕش بوون، لە سەرەتای راپەڕین و دامەزرانی هەرێمی کوردستان، هەر لە خولی یەکەمی پەرلەمان و دواتریش لە کابینەکانی حکومەت ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەناو حزبەکانیشدا تا ئاستی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکان و تێکرای ئۆرگانەکان بەشدارییان کردووە، بەڵام شێوازی بەشداریکردنەکەیان، یان بەشدارییپێکردنەکەیان هەمیشە جێگای رەخنە بووە و وتراوە: «تەنیا تەعین و تەوزیف»ـە و «تەفعیل» نییە! واتە لەو ئاستانەدا جۆرێك لە چەقبەستن هەبووە و کەمتر لە پرسە هەستیار و کۆبوونەوەو دانوستانەکاندا بواری بەشدارییان پێ دراوە. لێرەدا دەبێت بپرسین: ئایا هەڵکشان و ئەکتیڤکردنی ئافرەت لە بەشدارییپێکردنیان کە سەرنجی چاودێران و میدیاکانی جیهانیشی راکێشا، بە ئەجندا و پلان بۆ گرنگبوون و بەشداریی ئافرەت بووە؟ بۆ نموونە: کاتێك یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەرنامە و پلانەوە لەبەر ئافرەتبوون باڵاپۆشێك دەکاتە سەرۆکی پەرلەمان، ئیسلامییەکان بۆ لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەی رابردوو کە بەردەوام بە دوو لیست، یان سێ لیستی ئیسلامی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد، تاکە ئافرەتێکیان نەکردە سەرۆکی لیستەکەیان، یان لانیکەم وتەبێژی لیستەکەیان؟



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك مەدرەسەیەك بەردەوام کادری بە توانا و ئەکادیمی و سیاسیی نوێ پێدەگەیەنێت و دەیخاتە ناو مەیدانی سیاسی و ئیدارییەوە، هەمیشەیش نوێگەرییەکان و دەستپێشخەرییەکان بۆ هەنگاوی نوێ لەوەوە دەستپێدەکات، ئایا ئەجندایەکی هەبووە بۆ دانانی ئەو ئافرەتانەی کە لە سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان دانیان؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەمان بۆ دەورووژێنێت کە ئایا ئەم بەشدارییپێکردنە بە رێکەوت بووە، یان بە ئەجندا و پلان بووە؟ ئایا بۆ لەمەودوا حزبەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە بە دوای ئافرەتی بەتوانا و گونجاودا بگەڕێن و پێیان بگەیەنن بۆ بەشداریکردنیان لە ئۆرگانەکانی دیکە و کابینەکانی داهاتوو، یان هەر کارکردن دەبێت لەسەر کۆمەڵێك ئافرەت؟ وەك دەبینین ئەو ئافرەتانەی کە ئێستا بەشدارییان پێکراوە، زۆربەیان دووبارەن و لە خولەکانی پێشوودا هەبوون، یان هەر ئەوانەن لە ئۆرگانە سیاسییەکانی حزبەکانیان دووبارەن و چەند خولە لە سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکانن. بە بڕوای من ئەم هەنگاوە جێگای نرخاندن بوو، شایستەی ئەوە نییە خوانەخواستە لە خولەکانی داهاتوو پاشەکشەی لێ بکرێت، بەڵام مادام بەشدارییپێکردنی ئافرەت بووە «ئەمری واقیع» رەنگە لەمەودوا بشبێتە مۆدیل و حزبەکان کێبڕکێی لەسەر بکەن. پێویستە حزبەکان بە ئەجنداو پلانێکی روونەوە بیر لە دۆزینەوەی ئافرەتانی بەتوانا و پێگەیاندن و ئامادەکردنیان بکەنەوە، تاکو بەردەوام ئەم هەرێمە رووی گەش و داهێنان بخاتە بەرچاوی جیهان، چونکە چۆنێتی و چەندێتی بەشدارییپێکردنەکە چەند گرنگە، جۆرێتیس بەشدارییپێکردنەکەش ئەوەندە گرنگە، خوانەخواستە ئەگەر ئافرەتی لاواز، یان ناکارمە بەشداری پێ بکەین، هەر ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو تۆمار بکەن، ئەوکات بە شکست بۆ حوکمڕانی و هەرێمەکەمان دەشکێتەوە.

پرۆفیسۆر ئیتان گیلبوا
بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە زانکۆی بار-ئیان بۆ گوڵان:

# ئەمریکا خوازیارە ئەوروپاش سزا بەسەر ئێراندا بسەپێنێت

ئیتان گیلبوا پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندیی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی بار-ئیان لە ئیسرائیل. خاوەنی چەندین کتێب و وتار و توێژینەوەیە لەبارەی دیپلۆماسییەتی گشتی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها پرۆفیسۆر و توێژەر بووە لە چەندین زانکۆی ئەمریکی و ئەوروپی. لە هەمان کاتدا لە چەندین وڵات ڕاوێژکاری چەندین وەزارەت و دامەزراوە بووە. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندی بە گرژییە بارهەڵکشاوەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێران ڕایگەیاند کە ئاستی پابەندبوونەکانی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە کەم دەکاتەوە، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی کاردانەوەی ئەوروپا لە ئاست ئەم کارەی ئێران و ئەگەری دووبارە سەپاندنەوەی سزاکانیان بەسەر ئێراندا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە دۆخی ناوچەکە دەڕوانیت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە گرژیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران بە فەرمی ئاستی پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنە ناوکییەکەوە راگەیاندووە؟**

- من پێم وایە ئامانجی ئەم هەنگاوە ئیستفزازییەی ئێران زیاتر ئەوروپایە، نەك خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، واتە ئەوەی ئێران خوازیارێتی ئەوروپا ئەنجامی بدات، بریتییە لە سنووردارکردنی ئەو سزایانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوونی بەسەر ئەو وڵاتەدا، ئەوەتا ئێران رایدەگەیەنێت کە ئەوروپا لە ئاست پابەندبوونەکانی خۆیدا نەبووە و وەك پەرچەکردارێکیش، یان وەك دەرئەنجامی ئەم حاڵەتەش ئێران پابەند نابێت بە ڕێککەوتنە ناوکییەکەوە. کەواتە ئێستا ئێران پێشێلی ئەم ڕێککەوتنە دەکات لە ئاست ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی کە واژوویان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کردووە. ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا لەم ڕێککەوتنە کشایەوە و پەیوەندی بەم ڕێککەوتنەوە نەماوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا رایگەیاندووە کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادات ئێران ببێتە هێزێکی ئەتۆمی، هەروەك بەم دواییە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ئێران یاری بە ئاگر دەکات.

*** ئەی پێت وایە ئێران چۆن بڕیارێکی لەم چەشنە دەدات و ئایا مەترسیی ئەوەی نییە کە کاردانەوە و پەرچەکرداری زیاتری رووبەڕوو ببێتەوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە؟**

- ئێران باوەڕی وایە کە سەرۆك ترەمپ پەنا ناباتەبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی وڵاتەکەی، ئەم بۆچوونەش پشتڕاست بووەتەوە بە دانپێدانانی خودی ترەمپ کاتێك رایگەیاند کە بەر لە چەند خولەکێك لە ئەنجامدانی هێرشێکی تۆڵەسەندنەوە لە دژی ئێران، بڕیاری هێرشکردنەکەی هەڵوەشاندووەتەوە، کە بڕیار بوو

**ئەمریکا رایگەیاندووە کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات ئێران ببێتە هێزێکی ئەتۆمی، هەروەک بەم دواییە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ئێران یاری بە ئاگر دەکات**

وەك كاردانەوەیەك لە دژی ئێران لە بەرامبەر خستنەخوارەوەی فڕۆكەیەكی بێ فڕۆكەوانی سیخوڕیی ئەمریكا لەلایەن ئێرانەوە ئەنجام بدرێت، كە چەند هەفتەیەك پێش ئێستا رووی دا. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئێران پێی وایە دەتوانێت كاری ئیستفزازی بكات لە دژی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و لە دژی ئەوروپا و دەتوانێت رێككەوتنامە ئەتۆمییەكە پێشێل بكات، بە بێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ كاردانەوەیەك ببێتەوە، لەبەر نزیكبوونەوەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكا و لەبەر ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نایەوێت پەنا بباتە بەر بەكارهێنانی هێز لە دژی ئێران.

*** باشە ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن و پێتان وایە ئەم دۆخە ناوچەكە بە چ ئاقار و ئاراستەیەكدا دەبات؟**

- من پێم وایە ئەمە بارودۆخێكی مەترسیدارە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ خودی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونكە لەمەودوا هەر حیساباتێكی هەڵە، یان با بڵێین هەر كردەوەیەكی سەربازیی ئێران لە ناوچەی كەنداودا كاردانەوە و تۆڵەكردنەوەی بەدوادا دێت لەلایەت سوپای ئەمریكاوە، چونكە چیتر سەرۆك ترەمپ ناتوانێت بێ هەڵوێست، یان بێدەنگ بێت لە ئاست هەر هێرشێكی دیكەی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی ئێران لە دژی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی ئەوروپا ئەوا ئەوروپا لە ئێستادا زۆر نیگەرانە لە ئاست ئێراندا و رەنگە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا، لەبەر ئەوەی ئەوروپا گوزارشتی لە بەرهەڵستی خۆی كردووە بۆ ئەم هەنگاوەی ئێران و رایگەیاندووە كە ئێران واژووی لەسەر رێككەوتنەكە كردووە و دەبێت پێوەی پابەند بێت، ئەگەرچی ئەمریكاش لەو رێككەوتنە كشاوەتەوە. كەواتە ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە پێشێلكردنی ئەم رێككەوتنە و رێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم زیاد بكات، بە چەشنێك كە نزیك بێتەوە لە ئامادەكردنی كەرەستەكانی دروستكردنی چەكی ئەتۆمی، ئەوا ئەوروپاش كاردانەوەی دەبێت و سزای خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت. ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوا ئەم سزایانە و سزا سەپێنراوەكانی ئەمریكا دەبنەهۆی زیانگەیاندنێكی راستەقینە بە ئابووریی ئێران. كەواتە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، ئێمە پێ دەنێینە قۆناغێكی هەستیارەوە كە خودی ئێران رایگەیاندووە رێككەوتنە ئەتۆمییەكە پێشێل دەكات و رەنگە ئەمەش ئەوروپا ناچار بكات كە رابگەیەنێت لەبەر ئەوەی چیتر ئێران پابەند نابێت بەم رێككەوتنەوە، ئەوا ئێمەش ناچار نین، پێوەی پابەند بین. كەوابێت ئێران گەمەیەكی مەترسیدار دەكات و رەنگە هەنگاوەكانی ئێران بارگرانییەكی زیاتری ئابووری لەسەر شانی هاووڵاتییانی ئێران دروست بكات.

*** لەسەر بنەمای ئەوەی ئاماژەتان پێكرد، ئایا دەتوانین بڵێین رێككەوتنە ئەتۆمییەكە بە فیعلی كۆتایی هاتووە؟**

- بەڵێ من باوەڕم وایە، لەبەر ئەوەی خودی ئێران رایگەیاندووە كە رێككەوتنی ئەتۆمی پێشێل دەكات، پێدەچێت ئەم رێككەوتنە كۆتایی هاتبێت، دەرئەنجامەكەش ئەوە دەبێت كە ئێران دەستی واڵا دەبێت نەك تەنیا بەردەوام بێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم، بەڵكو پەرە بدات بە پێكهاتە و بەشەكانی دیكەی پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی و ئەو كاتەش رێگەنادات پشكنین بۆ دامەزراوە ئەتۆمییەكانی بكرێت لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان، یان ئاژانسی جیهانیی وزەی ئەتۆمی. كەوابێت رەنگە ئێران پەرە بە توانا ئەتۆمییەكانی دیكە بدات لە پێناو دروستكردنی بۆمبی ئەتۆمی لە كۆتاییدا.

*** ئەی پێت وایە ئەگەری ئەوروپاش سزای خۆی بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوا ئەو وڵاتە ناچار دەبێت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بگەڕێتەوە؟**

- من پێم وایە تاوەكو سزاكان لەسەر ئێران سەختتر بن، ئەوا ئێران پتر ناچار دەبێت بۆ



**لەمەودوا هەر حیساباتێكی هەڵە، یان با بڵێین هەر كردەوەیەكی سەربازیی ئێران لە ناوچەی كەنداودا كاردانەوە و تۆڵەكردنەوەی بەدوادا دێت لەلایەت سوپای ئەمریكاوە**

**ئەوروپا لە ئێستادا زۆر نیگەرانە لە ئاست ئێراندا و رەنگە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا**

**ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە پێشێلكردنی ئەم رێككەوتنە و رێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم زیاد بكات، بە چەشنێك كە نزیك بێتەوە لە ئامادەكردنی كەرەستەكانی دروستكردنی چەكی ئەتۆمی، ئەوا ئەوروپاش كاردانەوەی دەبێت و سزای خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت**

گەڕانەوە بۆ پرۆسەی گفتوگۆ و بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی. دواتر ئێمە دەزانین کە سەرۆك ترەمپ چەند جارێك ڕایگەیاندووە کە ئەو خوازیاری ئەنجامدانی گفتوگۆیە لەگەڵ ئێراندا لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دیکەی ئەتۆمی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کە ڕێککەوتنێکی کارا بێت و ڕێگە لە ئێران بگرێت، تاوەکو نەتوانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەوەی دەبێت لەم ڕووەوە لەبەرچاوی بگرین، ئەوەیە کە ئێران کۆریای باکوور نییە، ئێمە دەزانین ئەمریکا لە ئاست کۆریای باکووردا ڕێگاچارەی ئاشتەوایی گرتەبەر و سەرۆك ترەمپ لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتەدا کۆبۆوە و هەوڵیدا بگاتە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن و گشتگیر لەگەڵیدا، بەڵام لە ئاست ئێران ئەمریکا ڕێگاچارەیەکی زۆر جیاوازی گرتۆتەبەر، بۆ نموونە ئەو ئۆفەرەی نەخستۆتە بەردەم وڵاتی ئێران کە بۆ کۆریای باکووری پێشنیاری کردووە، بەڵکو لە ئاست ئێران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە و سزای زۆر سەختی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند. دواتر ئێمە دەزانین کە هێشتا ئێران چەکی ئەتۆمی نییە، بە پێچەوانەی کۆریای باکوورەوە کە خاوەنی ئەم چەکەیە. هەرچۆنێك بێت ئێستا ئەمریکا ئومێدی ئەوە دەکات کە بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەلایەن ئێرانەوە، ڕێگا خۆش بێت بۆ ئەوەی ئەوروپاش سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێت و لە ئەنجامدا دەسەڵاتدارانی ئێران ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ.

کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی ناوەتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش پێیان وایە کە ڕەنگە سەرۆك ترەمپ هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت و کاندیدی پارتی دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و ئەم پارتەش ڕایگەیاندووە کە دووبارە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا دەگەڕێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە حیساباتی ئەوە دەکەن کە ئێران بتوانێت بەرگەی ئەم فشار و سزا ئابوورییانە بگرێت تاوەکو تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠.

*** هەر لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی پرسی ئابووری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی دەبینین سەرۆك ترەمپ پرۆگرامی پەرەپێدانی ئابووری پێشنیار دەکات- ئەوەی پێی دەڵێن سەفقەی سەدە- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وایە لە ڕێی خستنەڕووی پرۆگرامێکی گەورەی گەشەپێدانی ئابوورییەوە بۆ فەلەستینییەکان دەتوانێت زەمینە خۆش بکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، واتە ئەو باوەڕی وایە کە دەبێت وەك هەنگاوی یەکەم کار لەسەر مەسەلە ئابوورییەکە بکرێت و دواتر هەنگاو بنرێت بۆ کێشە سیاسییەکان، بەڵام ئێمە دەزانین هەمیشە دەرفەتی لەدەستچوو هەبووە لە پەیوەندی بەم ناکۆکییەکەوە. هەروەها بە تێڕوانینی من ناکرێت هەردوو ڕەهەندە سیاسی و ئابوورییەکە لێك جیا بکرێنەوە لەم ناکۆکییەکەدا و لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ڕەنگە کارکردن لەسەر پرسی پەرەپێدانی ئابووری وەك هەنگاوی سەرەتا و هەنگاوهەڵگرتن بۆ ڕێککەوتنی سیاسی وەك قۆناغی دووەم سەرکەوتوو نەبێت.

**لەبەر ئەوەی خودی ئێران ڕایگەیاندووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێشێل دەکات، پێدەچێت ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی هاتبێت**

**تاوەکو سزاکان لەسەر ئێران سەختتر بن، ئەوا ئێران پتر ناچار دەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ پرۆسەی گفتوگۆ و بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی**

**ئێران پێی وایە ڕەنگە سەرۆك ترەمپ هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت و کاندیدی پارتی دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەم پارتەش ڕایگەیاندووە کە دووبارە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا دەگەڕێتەوە**



پرۆفیسۆر تیژێن دەمیراڵ پێگ
تایبەتمەندی بواری ناکۆکی و توندوتیژیی سیاسی بۆ گوڵان:

# ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووری لە دەرەوەی کەرتی گشتی هەنگاوێکە بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا

تیژێن دەمیراڵ پێگ پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئیندیانا-زانکۆی بیردۆ ئیندیاناپۆلس، لە کارە ئەکادیمییەکانیدا بایەخ بە چەند پرسی گرنگ دەدات وەك: دیراساتی پەیوەست بە ناکۆکییەکان، توندوتیژیی سیاسی، نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و سەرکوتکاری و مافەکانی مرۆڤ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە پرسی بەربڵاوی توندوتیژیی سیاسی و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەریدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی حوکمڕانی و ئەگەری هاتنەئارای دیموکراسی و چۆنیەتیی گەڕاندنەوەی سەقامگیریی سیاسی و خۆلادان لەوەی پێی دەوترێت «نەفرەتی سەرچاوەکان» و چەند پرس و مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ و پەیوەندیدار کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.




*** هەروەك ئاشكرایە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین كێشە و قەیرانی قووڵەوە گرفتارە، بەتایبەتی بەربڵاوی و تەشەنەسەندنی توندوتیژیی سیاسی، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هۆكارە ریشەییەكانی ئەم بارودۆخە نالەبار و ناهەموارە چین؟**

- ئەگەر بە راشكاوی لەم پرسە بدوێین، ئەوا ئەم پرسە پێویستی بە گفتوگۆیەكی بەربڵاو هەیە لەبارەی فاكتەرە درێژخایەن و كورتخایەنەكانەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە فاكتەرە دوورمەوداكانەوە، ئەوا من باوەڕم وایە كە بە دڵنیاییەوە میراتی كۆلۆنیاڵی پێش جەنگی یەكەمی جیهانی یەكێكە لەم فاكتەرانە. هێزە كۆلۆنیاڵەكان بواریان نەدا بە گەشەكردنی ژێرخانی فرەیی سیاسی بە چەشنێك كە خەڵكی وڵاتەكە بتوانن را و بۆچون و دەنگی خۆیان هەبێت. هەروەها ئەم هێزانە ژێرخانی سیاسی و ئابوورییان تێكشكاند و لە رووی كۆمەڵایەتییەوە ناكۆكی و دووبەرەكییان دروست كرد لە پێناو برەودان بە بەرژەوەندییەكانی خۆیان. كاتێك ئەم وڵاتانە توانییان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، ئەوا كەوتنە بەردەم ئەركی قورسی بنیاتنانی نەتەوە. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی كە خاوەنی سەرچاوەی نەوت نەبوون، دوچاری دژواری بوونەوە لە بنیاتنانی سیستمێكی سیاسیی سەقامگیر و رێكار و رێوشوێنی سەربازیی سەركوتكارییان بەكارهێنا، بۆ سەپاندنی كۆنترۆڵ و جڵەوی خۆیان. هەروەها ئەو وڵاتانەش كە خاوەنی سەرچاوەی نەوت بوون، بەرەنگاری ئەنجامدانی هەر گۆڕانكارییەك بوونەوە كە ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم دەستڕاگەیشتنی نوخبەی حوكمڕان بەو سەرچاوەی نەوتە، لە ئەنجامدان كەلێن و دابەشبوونی نێوان نوخبە و باقی خەڵكەكەی دیكە قووڵتر بۆوە. هەر ئەمەش هۆكاری

**هێزە كۆلۆنیاڵەكان بواریان نەدا بە گەشەكردنی ژێرخانی فرەیی سیاسی بە چەشنێك كە خەڵكی وڵاتەكە بتوانن را و بۆچون و دەنگی خۆیان هەبێت**

**دوورکەوتنەوەی بەشیر لە سودان و بوتەفلیقە لە جەزائیر لە دەسەڵات ئەگەری بەرەوپێشچوون بەرەو دیموکراسی لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رۆڵی زاڵی سوپا و دامەزراوەی سەربازی مایەی نیگەرانییەکی زۆرە**

**خەڵکانێک هەن، نیگەران لەوەی کە حکومەتە سەربازییە راگوزەرییەکان هیچ نین، جگە لە درێژەپێدانی رژێمە رووخاو و لەکارلادراوەکان**

**مەسەلەکە تەنیا تایفەگەری نییە، بەڵکو کێشەی هۆزگەریش هەیە کە دەبێت ناوچەکە چارەسەری بکات و بەسەریدا زاڵ بێت**

**کاتێک حکومەتەکان شکست دەهێنن لە دەستەبەرکردنی هەلومەرجێکی باش بۆ هاووڵاتییەکانیان، ئەوا ئەگەری زیاتر دروست دەبێت کە خەڵکی ئیستیغلال بکرێت لەسەر بنەمای ناسنامەکانی دیکەی بچووکتر لە نەتەوە، وەک ناسنامەی تایفەگەری و هۆزگەری، بۆ تێپەڕاندنی ئەم ناسنامانەش پێویستە خەڵکی متمانەیان بە حکومەتەکانیان هەبێت**

ئەوە بوو کە ئەم رژێمانە هێندە سەرکوتکار بن، ئەمەش لە دەرئەنجامدا توندوتیژی زیاتری بەدوای خۆیدا هێنا. بە دڵنیاییەوە رۆڵی ئافرەتان و نەبوونی پەروەردە و خوێندن و دەستێوەردانی دەرەکی رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەوەی بەردەوام توندوتیژی رووبدات.

*** هەروەک دەزانن گەلانی ئەم ناوچەیە خەبات و تێکۆشانێکی زۆریان کردووە بۆ بەدەستهێنانی ژیان و گوزەرانێکی باشتر و دروستکردنی حوکمڕانییەکی باش و کارا، هەروەک ئەوەی لە میانەی بەهاری عەرەبیدا بەدیمان کرد، بەڵام وەک بینیمان بەهاری عەرەبی نائومێدییەکی قووڵی بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها دۆخەکە زیاتر داڕووخا، هەروەها لەم دواییەدا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە سودان و جەزائیر روویاندایەوە، کە زۆر کەس ناویان لێناوە «دووەم بەهاری عەرەبی»، شرۆڤە و خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا دوورکەوتنەوەی بەشیر لە سودان و بوتەفلیقە لە جەزائیر لە دەسەڵات ئەگەری بەرەوپێشچوون بەرەو دیموکراسی لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رۆڵی زاڵی سوپا و دامەزراوەی سەربازی مایەی نیگەرانییەکی زۆرە. واتە لەم رووەوە خەڵکانێک هەن، نیگەرانن لەوەی کە حکومەتە سەربازییە راگوزەرییەکان هیچ نین، جگە لە درێژەپێدانی رژێمە رووخاو و لەکارلادراوەکان. بەڵام هێشتا بارودۆخەکە لە سودان ناڕوونە و نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە، هەرچۆنێک بێت من پێشبینی سەرکوتکاری سەربازی دەکەم، ئەگەر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن. دووبارەی دەکەمەوە، رۆڵی زاڵ و باڵادەستیی سوپا هاوشێوەی ئەو دۆخەیە کە لە میسردا هەیە، لەم روانگەیەوە من پێم وایە ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ئایندەی نزیکی ئەم دوو وڵاتەوە، ئەوا هێشتا حوکمڕانییەکی باشتر لە دەرەوەی وێنەکەیە.

*** پێدەچێت هەر هەوڵێک لەم ناوچەیەدا کە بە ئاراستەی بە دیموکراسیکردن بدرێت، شکست دەبێتە چارەنووسی، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم بازنەیە بشکێندرێت؟**

- من پێم وایە ئێمە پێویستمان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە تەنانەت ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە ١٠٠٪ راست و دروست نەبن. چونکە ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی ئەوەی وردە وردە چاوەڕوانی و شێوازێك دروست بێت و ناوچەکە دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات سوود لەم شێواز و چاوەڕوانییە وەربگرێت. ئەم پرۆسەیەش لە شەو و رۆژێکدا روونادات، بەڵام دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی ناوچەکە. نەیجیریا نموونەیەکی باشە لەم رووەوە. راستە بە هیچ شێوەك ناتوانین بڵێین بارودۆخەکە بێ کەموکوڕییە لەم وڵاتەدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە دۆخی ساڵی ١٩٩٩ باشترە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە تایفەگەری ئاگری توندوتیژی و پشێویی سیاسی لەم ناوچەیەدا خۆش کردووە و بۆتە کۆسپی سەرەکیی بەردەم چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- مەسەلەکە تەنیا تایفەگەری نییە، بەڵکو کێشەی هۆزگەریش هەیە کە دەبێت ناوچەکە چارەسەری بکات و بەسەریدا زاڵ بێت. کێشەکە ئەوەیە کاتێك حکومەتەکان شکست دەهێنن لە دەستەبەرکردنی هەلومەرجێکی باش بۆ هاووڵاتییەکانیان، ئەوا ئەگەری زیاتر دروست دەبێت کە خەڵکی ئیستیغلال بکرێت لەسەر بنەمای ناسنامەکانی دیکەی بچووکتر لە نەتەوە، وەك ناسنامەی تایفەگەری و هۆزگەری، بۆ تێپەڕاندنی ئەم ناسنامانەش پێویستە خەڵکی متمانەیان بە حکومەتەکانیان هەبێت.

*** زۆرێك لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم ناوچەیە گرفتارن بە دەست حوکمڕانیی خراپەوە کە بوونەتە هۆی بەهەدەردانی ئەو داهاتانەی بەهۆی ئەم سەرچاوانەوە بەدەست دەهێنرێن، ئایا پێت وایە بوونی ئەم سەرچاوە سروشتییانە فاکتەرێکی ئاسانکارە بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی ناکارا و ناسەقامگیریی سیاسی؟**

- ئەمە هیچ گومان هەڵناگرێت. چونکە کاتێك حوکمڕان و ئەو کەسانەی لەو سێکتەرانەدا کار دەکەن کە پەیوەندیدارن بەم سەرچاوانەوە، سوود لەو داهاتە زۆرانە وەردەگرن کە ئەم سەرچاوانە بەدی دەهێنن، بە بێ ئەوەی ناچار بن وەبەرهێنان لە کۆمەڵگەکانیاندا بکەن، ئەوا



ئەمە دۆخێك دروست دەكات كە نەیانەوێت دەستەبەرداری دەستڕاگەیشتن بەم سوود و داهاتانە بن. هەروەها دەتوانین بڵێین بە بێ بوونی سیستمی سەپاندنی باج ئەوا هاووڵاتییان ناتوانن لێپرسینەوە لە حكومەتەكانیان بكەن. كەواتە ئەوانەی كە توانای دەستڕاگەیشتنیان هەیە بەم سەرچاوانە پەنا بۆ بەكارهێنانی سەركوتكاری دەبەن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت خەڵكی بەرەنگارییان ببنەوە، لەلایەكی دیكەوە ئەو كەسانەی رێگەی دەستڕاگەیشتنیان نییە بە سوود و داهاتی ئەم سەرچاوانە، هیچ رێگاچارەیەكی سیاسی بەدی ناكەن بۆ گەیشتن بە سیستمەكە، لەبەر ئەوە ئەوانیش پەنا بۆ بەكارهێنانی توندوتیژی دەبەن.

*** كەواتە دەكرێت و پێویستە چی بكرێت بۆ دروستكردنی حوكمڕانییەكی كارا؟ ئایا باشترین رێگاچارە چییە بۆ ئەوەی لەم رووەوە بگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی گەشەگردنی ئابووری و سەقامگیری سیاسی؟**

- لە راستیدا ناتوانین بڵێین تاكە ستراتیژییەتێك هەیە كە بتوانرێت لە سەرجەم ناوچەكەدا پیادە بكرێت، لەبەر ئەوەی چەندین جیاوازی هەن لە نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەكان و وڵاتانی هەژار لە رووی سەرچاوە سروشتییەكانەوە. بەڵام ئەوەی بە شێوەیەكی گشتی دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە كە من مشتومڕی ئەوە دەكەم كە پشتیوانیكردن لە بزنسە بچووكەكان و دروست و رەخساندنی هەندێ لە دەرفەتە ئابوورییەكان بۆ خەڵكی لە دەرەوەی كەرتی گشتی و وەبەرهێنانكردن لە بواری پەروەردەدا و سەپاندنی باج و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان لە كاتی خۆیاندا، دەبنە خاڵ و دەستپێكێكی باش و هەنگاوێكن بە ئاراستەی راست و دروستدا.

*** مەسەلەیەكی دیكە كە لەم ناوچەیەدا بۆ ماوەیەكی درێژخایەنە بوونی هەیە، بریتییە لە ناكۆكیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل كە توندوتیژییەكی زۆری سیاسی لێكەوتۆتەوە، كە بەم دواییە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پلانێكی راگەیاند بۆ چارەسەركردنی ئەم ناكۆكییە كە بە سەفقەی سەدە ناسراوە و زیاتر چارەسەركردنی لایەنی ئابووری لەبەرچاو گرتووە، ئایا پێت وایە ئەمە رێگاچارەیەكی سەركەوتووە بۆ چارەسەركردن و گۆڕینی ئەم ناكۆكییە بە ئاراستەی یەكلاكردنەوەی كێشەكەدا؟**

- من پێم وانییە ئەم دەرئەنجامەی لێ بكەوێتەوە. چونكە بە بێ لەبەرچاوگرتن و چارەسەركردنی نیگەرانییەكانی فەلەستین، ئەوا هەر سەفقەیەك، یان پێشنیارێك كە بخرێتەڕوو میسداقییەتی لاواز دەبێت. هەروەها ئاشكرایە كە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هیچ میسداقیەتێكی نییە لە نێو فەلەستینییەكاندا و ئێمەش دەزانین بە بێ بوونی متمانە ئەوا هیچ ئەگەرێك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەكی كارا ناكۆكییەكە چارەسەر بكرێت.


**پشتیوانیكردن لە بزنسە بچووكەكان و دروست و رەخساندنی هەندێ لە دەرفەتە ئابوورییەكان بۆ خەڵكی لە دەرەوەی كەرتی گشتی و وەبەرهێنانكردن لە بواری پەروەردەدا و سەپاندنی باج و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان لە كاتی خۆیاندا، دەبنە خاڵ و دەستپێكێكی باش و هەنگاوێكن بە ئاراستەی راست و دروستدا**

# ئیسلامی سیاسی له‌ مالیزیا

من بۆ تەواوکردنی ماستەرو دکتۆراکەم لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٣ واتە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مالیزیا ژیاوم، بۆیە بە چاوی خۆم زۆر رووداوم دیوە، گرنگترینی ئەو رووداوانەش ئەو پێکدادانە بوو کە لە نێوان سەرۆك وەزیران مەهاتیر و جێگرەکەی ئەنوەر ئیبراهیم رووی دا، هەروەها رووداوگەلی دیکەش کە لەکاتی خۆیاندا باسیان دەکەین.

لە ساڵی ١٥١١ پورتوگال دوورگەی Malacca مالاکی مالیزی داگیرکردو دواتریش هۆڵەندییەکان لە ساڵی ١٦٤١ داگیریان کرد، دوای ئەوەی بەریتانیا دوورگەی پینانگی مالیزیی لە ساڵی ١٧٨٦ داگیرکرد، ئیدی ئەو وڵاتە بەتەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە، بەمەش بوو بە کۆلۆنیالێکی بەریتانی، کە بە مالایای بەریتانی ناسرا، تا ساڵی لە ١٩٤٨ یەکێتیی مەلایۆ Malayan Union لێی جیابۆوەو لە ١٩٥٧سەربەخۆیی وەرگرت، لە ١٩٦٣دا یەکێتیی مەلاوی گۆڕدرا بۆ مالیزیا کە سەنگافورەو ساراواك و سەباحیشی گرتەخۆ، بەڵام سەنگافورە لە ساڵی ١٩٦٥ جیابۆوە، ئەویش دوای ئەوەی هەڕەشە بوو بۆسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە مالیزیا لەنێوان مەلایۆی موسڵمان و چینی، یەکەم سەرۆك وەزیرانی مالیزیا تانکۆ عەبدولڕەحمان وای کرد، کە سەنگافورە لە یەکێتییەکە دەربکات، حزبی فەرمانڕەوا ئومنۆ UMNO کە کورتکراوەی رێکخراوی مەلایۆی نیشتمانیی یەکگرتووە United Malays National Organization سەرکردایەتیی وڵاتی دەکرد، تا سەربەخۆیی و ماوەی نەمانی نەجیب عەبدولڕەزاقی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠١٨ واتا زیاتر لە شەش دەیە.

لە سەدەی پازدەیەمدا ئیسلام لە مالاکا بڵاوبۆوەو دواتر سەرجەم ولایەتەکانی مالیزیای گرتەوە، ئەویش لە رێی بازرگانەکانەوە، کە هەندێ پێیان وایە لە رێگەی هیندە موسڵمانەکانەوە بووە، مەلایوەکان زۆرینەی موسڵمانانن، دواتر چینییەکان کە لە نێوان بوزییەکان و Buddhism وکۆنفوشوسییەکان Confucianism و تاوییەکان Taoism و کریستییانەکاندا دابەشبوون، دواترینیان هیندییەکانی تامیل کە لە باشووری هیندستانەوە هاتن، تانکۆ عەبدولڕەحمان بە پاڵەوانی سەربەخۆیی مالیزیا دادەنرێت، ئەو توانی هەموو پێکهاتەکانی مالیزیا لە دەوڵەتێکی نیشتمانیدا کۆبکاتەوە، لە ١٩٤٦ حزبێکی بەناوی ئومنۆ دامەزراند رێکخراوی مەلایۆی نیشتمانیی یەکگرتوو United Malays National Organization کە هەموو ئیتنی و ئایینەکانی کۆکردەوە، تانکۆ لە رۆژی سەربەخۆییەوە لە ساڵی ١٩٥٧ تا ساڵی ١٩٧٠ حوکمڕانیی کرد، بەریتانیا هەموو حزبە ئیسلامی و عەلمانییەکانی هەڵوەشاندە، جگە لە حزبی (ئومنۆ) بۆیە هەموو ئیسلامی



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

و عەلمانییەکان چوونە ناو ئەو حزبەوە، چونکە حزبی موسڵمانان(حامیم) لە ساڵی ١٩٤٨ پێش سەربەخۆیی دامەزرابوو، بەڵام بەریتانیا سەرکردەکانی دەستگیرکردن، بەشی ئایینی لە حزبی ئومنۆ لە ساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵەی یەکێتیی زانایانی مەلایۆیان لە مالیزیا دامەزراند، وشەی مەلایۆ کە مەبەست موسڵمانی مالیزییە، لە دەستووری مالیزیادا هاتووە، لە بڕگە(٢)ی ماددەی(١٦٠)دا تاکو لە چینی و هیندییان جیابکەنەوە، لە ساڵی ١٩٥١ دا یەکێتیی زانایانی مەلایۆ کۆنگرەیەکی جودایان لە(ئومنۆ) بەست و ناوی کۆمەڵەکەیان بۆ یەکێتیی ئیسلامی گۆڕی، دواجار بوو بە حزبی ئیسلامی(Parti Islam SeMalaysia (پاس)، سەرەتا ئەحمەد فوئاد حوسێن سەرۆکی بوو، دواتر پێنج سەرۆکی دیکە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بوونە سەرۆکی حزبەکە، لە ٢٠٠٣وە تائێستا عەبدولهادی ئوانج سەرۆکە، کە سەرۆك وەزیرانی ولایەتی کلنتانە، نیك عەبدولعەزیزیش رابەری گشتییە، ئامانجی حزبی ئومنۆ سەربەخۆیی مالیزیا بوو لەپێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسیی مەدەنی، بۆیە تانکۆ عەبدولڕەحمان توانی چینییەکان قایل بکات کە پێکەوە کار بۆ سەربەخۆیی بکەن، بەڵام بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بکات، نووسەرانی دەستووری مالیزیا گەیشتنە شێوازێك کە هەموو لا رازی بکات، لە بڕگەی یەکی ماددەی(٣)ی دەستووردا هاتووە: (ئیسلام ئایینی یەکێتییەکەیە لەگەڵ زەمانەتی پیادەکردنی ئایینەکانی دیکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە هەر بەشێکی یەکێتییەکە)، یەکەم هەڵبژاردن دوای سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٥٩ ئەنجامدراو حزبی ئیسلامی (پاس) وەك رکابەرێك دژی هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی نێوان ئومنۆ و حزبی گردبوونەوەی چینیی مالیزی و حزبی کۆنگرەی مالیزیی هیندی بەشداریی کرد، حزبی ئیسلامی لە هەردوو ویلایەتی کلنتان Kelantan وترنگانۆ -Terengga nu سەرکەوت، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٩ حزبی کاری دیموکراسیی چینی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو (١٣)کورسیی مسۆگەرکرد، ئاهەنگیان گێڕاو مەلاوییەکانیش خۆپیشاندانیان سازکرد، دواتر بەریەککەوتن و پێکدادان روویدا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٤ رۆڵی ئیسلامییەکان کزبوو، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٨ حزبی ئیسلامی سەرنەکەوت، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٧ جیابوونەوە لەنێوان حزبی حوکمڕان روویداو بوو بە دوو حزب، یەکێکیان بەسەرۆکایەتیی مەهاتیر بە ناوی ئومنۆ بارۆ UMNO BARU وحزبی روح ٤٦ Semangat46، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٠حزبی ئیسلامی(پاس) لەگەڵ حزبی (روح ٤٦)و دوو حزبی دیکە هاوپەیمانێتییەکیان بە ناوی ئیئتلافی هاریکاریی نەتەوە کرد و توانییان

**تانکۆ عەبدولڕەحمان بە پاڵەوانی سەربەخۆیی مالیزیا دادەنرێت، ئەو توانی هەموو پێکهاتەکانی مالیزیا لە دەوڵەتێکی نیشتمانیدا کۆبکاتەوە**

ویلایەتی کلنتان بگێڕنەوە، دوو حزبی بچووکی دیکە برجاسا Berjasa وحزبی حەمیم Hamim یارمەتیی حزبی ئیسلامییان داو لە ساڵی ١٩٩٦ حزبی(روح٤٦) لە هاوپەیمانیی حزبی ئیسلامی کشایەوەو هاتە ریز حزبی ئومنۆی حوکمڕان، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩ حزبی ئیسلامی تۆزێك هاتەپێش، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا گورزێکی گەورەی بەرکەوت، چونکە ویلایەتی ترنگانۆی لەدەستدا، کێشەی حزبی ئیسلامی ئەوەیە کە ناواقیعییە و نایەوێت لە فرەیی ئایینی و سیاسی بگات، تەنیا تەرکیز لەسەر شەریعەت دەکاتەوە، نازانێ ئەوەی پیادەی دەکات، شەریعەتی خودا نییە، بەڵکو فیقهی مەزهەبیی ئیجتیهادی تاکەکەسییە، کە ڕەنگە هەڵە بێت، نەك ڕاست، لە ساڵی ١٩٩٣دا پەرلەمان لە ویلایەتی کلنتان یاسای(هەدەد- پەپوسلێمانی) بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەت و سزادانی سەرپێچیکاران دەرکرد، نموونەی دیکە دادگایەکی سیلانکۆر داوای جێبەجێ کردنی حەددی کرد دەرحەق بە سێ کیژۆڵە کە لە ساڵی ١٩٩٧ بەشدارییان لە پێشبڕکێی جوانی لە مالیزیا کردبوو، بەڵام مەهاتیر نەیهێشت بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت، موفتیی ولایەتەکە بە کوفرو هەڵگەڕانەوە تۆمەتباری کرد، دواتر مەهاتیر هەڵمەتێکی بەهێزی ئەنجامدا بۆ یەکخستنی یاساکانی وڵات، کە لەگەڵ یاسای دەوڵەتی فیدراڵدا بگونجێت، حزبی ئیسلامی وازی لە گرنگترین دروشمی خۆی هێنا کە چەندین ساڵ بوو بانگەشەی بۆ دەکرد ئەویش پیادەکردنی شەریعەت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، بەتایبەتیش دوای پەیدابوونی گرووپە توندڕەوەکانی وەك قاعیدەو داعش، ئێستا ئەو داوای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەکات، چونکە قەناعەتی هێنا کە ئەم درووشمە لە وڵاتێکی وەك مالیزیا پیادەناکرێت، کە فرەیی ئایینی و مەزهەبی تێدایە، بەتایبەتی کە مەزهەبی فیقهیی شافیعی، یان مەزهەبی دیکە، پێش چەند سەدەیەك لەسەر بنەمای ئیجتهادی مرۆیی نووسراون و نابێت دەقی ئایینی خودا بێت کە بۆ پێغەمبەر دابەزیوە، چونکە مەزهەبی فیقهی زۆرن، ئایا هەموو ئەو مەزهەبە فیقهییانە نوێنەرایەتیی ئایینی خودا دەکەن؟ نەخێر، تەنیا بریتین لە ئیجتیهاد و لێکدانەوەی دەقەکانی ئایین، کە لەوانەیە ڕاست بن، یان نا.

**ئامانجی حزبی ئومنۆ سەربەخۆیی مالیزیا بوو لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسیی مەدەنی، بۆیە تانکۆ عەبدولڕەحمان توانی چینییەکان قایل بکات کە پێکەوە کار بۆ سەربەخۆیی بکەن**

دوای تانکۆ عەبدولڕەحمان تۆن عەبدولڕەزاق هات، کە لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٦ حوکمڕانیی کرد، لەو سەردەمەدا پشێویی توند لەنێوان مەلاوییە موسڵمانەکان و چینییەکان ڕوویدا، بۆیە بەرەی نیشتمانیی Barisan National ی پێکهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و توانی قۆناغە سەختەکە تێپەڕێنێت، دیدگایەکی ئابووری بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ١٩٧٠ تا ١٩٩٠ ڕاگەیاند، بۆیە بە پێشەنگی گەشەسەندنی ئابووری دادەنرێت لە مێژووی مالیزیا، دواتر تۆن حوسێن ئۆن هات لەسەر ڕێچکەی عەبدولڕەزاق بەردەوام بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨١ حوکمڕانیی کردو دواتر لەبەر نەخۆشی دەستی لە کار کێشایەوە، لەدوای ئەو دامەزرێنەری مالیزیای تازە کەسایەتیی بەهێز مەهاتیر محەمەد هات، مەهاتیر کاتێ تەمەنی ٢٢ ساڵان بوو چووە ناو ئومنۆی حزبی فەرمانڕەوا، بۆ ماوەی حەوت ساڵ پزیشک بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٩ کاندیدکرا، بەڵام دوای ناکۆکی لەگەڵ تانکۆ عەبدولڕەحمان کشایەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ بوو بە پەرلەمانتار، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ بەهۆی ئەوەی نامەیەکی بۆ سەرۆکی حزبی ئومنۆ و سەرۆك وەزیران تانکۆ عەبدولڕەحمان ناردبوو لە حزبەکەی دەرکرا،چونکە لەنامەکەدا ڕەخنەی لێگرتبوو بەهۆی مەیلی هەبوو بۆ چینییەکان و پەراوێزخستنی خەڵکەکەی خۆی کە مەلایۆیەکانن، دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسی دوورخرایەوە مەهاتیر لە ساڵی ١٩٧٠ کتێبێکی دانا بە ناوی کێشەی مەلایۆ Malay Dilemma کە ڕەخنە لە دۆخی ناهەمواری مەلاوییەکان دەگرێت، تاکو هانیان بدات ڕوو لە کشتوکاڵ بکەن لەجیاتی پیشەسازی و فرۆشتنی خۆراك و کوتاڵ و زێڕو خشڵ و کەرەستەی تەکنەلۆجیا و ئۆتۆمبیل، کتێبەکە قەدەغەکرا، کە بوو بە سەرۆك وەزیران ئینجا ڕێگە بە کتێبەکە درا بڵاو بکرێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ عەبدولڕەزاق حوسێنی سەرۆك وەزیران گەڕاندییەوە بۆ ناو حزب و کردی بە پەرلەمەنتارو دواتریش لە ١٩٧٤ بە وەزیری پەروەردە، لە ماوەی چوار ساڵدا بوو بە جێگری سەرۆکی حزب، دواتر جێگری

سەرۆکی وەزیران، لە ١٩٨١ بوو بو سەرۆك وەزیران، لە سەردەمی مەهاتیر محەمەد پەرەپێدان و گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوە دەستیان پێکرد، دیدگایەکی ئابووری تا ساڵی ٢٠٢٠ خستەڕوو، بەمەش مالیزیا بوو بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و رکابەری ژاپۆن، لە ساڵی١٩٨٢ مەهاتیر داوای لە ئەنوەر ئیبراهیم سەرۆکی بزووتنەوەی لاوانی ئیسلاح کرد بێتەناو حزبی ئومنۆوە، ئەنوەر ئیبراهیم دەستی لە حزبەکەی کێشایەوەو لەگەڵ مەهاتیر کاری کرد و بوو بە سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی، لە ساڵی ١٩٨٣ زانکۆی ئیسلامیی جیهانی دامەزرێندراو ئەنوەر ئیبراهیم بوو بە سەرۆکی فەخریی زانکۆکە، با بگەڕێینەوە بۆ حزبی ئیسلامیی ئەنوەر ئیبراهیم و هەندێ گرووپی ئیسلامی کە لە مێژووی سیاسیی مالیزیا پەیدابوون، لە ساڵی ١٩٧١ بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی(ئەبیم) ABIM دامەزراو بە فەرمی لە ساڵی ١٩٧٢ تۆمارکرا، کە بریتی بوو لە بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی کاریگەر بە فیکری ئیخوان موسلمینی میسر و کۆمەڵی ئیسلامیی پاکستانیی سەر بە ئەبو ئەعلا مەودودی، سەرەتا ئەنوەر ئیبراهیم و سەید محەمەد نەقیب عەتاس سەرۆکی بوون، ئەنوەر ئیبراهیم کرا بە سەرۆك، لەئێستاشدا یوسری محەمەد سەرۆکی بزووتنەوەکەیە، هەروەها لە حزب و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە کە لە گۆڕەپانی سیاسیی مالیزیا سەریانهەڵدا: گروپی تەبلیغ، رەحمانییە و دار ئەلئەرقەم و گروپی ئیسلاح و کۆمەڵەی سەباحی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساراواك، کە زۆربەیان بچووك بوون و نەمان، یان هاتنە نێو گرووپە گەورەکانی نیشتمانی، یان ئیسلامی یان عەلمانی، بەڵام حزبی ئیسلامی بەهێزترین گرووپی ئیسلامییە لە مالیزیا، گرووپی دارئەلئەرقەم کە لەلایەن ئەشعەری کوڕی محەمەد دامەزراوە کە گرووپێکی سۆفیزمە و لە هەشتاکان دامەزراوە، بۆ ماوەی دە ساڵیش واتا لە ساڵی ١٩٥٦ تا ساڵی ١٩٦٨پەیوەندیی لەگەڵ حزبی ئیسلامی هەبوو، دوای سێ ساڵ گرووپەکە بوو بە بزووتنەوەی دار ئەلئەرقەم، بزووتنەوەکە تووشی ئەفسانەو خورافیات بوو وەك پەرستنی شێخەکەیان، لە ساڵی ١٩٩٤ ئەنجومەنی فتوای نیشتمانیی مالیزیا فتوایەکی دەرکرد بە لاساریی گرووپەکە، هەروەها قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی رێنماییەکانی، دواجار مۆڵەتیان لێ سەندرایەوە، لە ساڵی ١٩٩٤مەهاتیری سەرۆك وەزیران خرایە ژێر بەزۆر نیشتەجێکردنەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤دا عەبدوڵا بەدەوی سەرۆك وەزیران ئازادی کرد، لەو کۆمەڵانەی دامەزران کۆمەڵەی چاکسازیی مالیزیا بوو، کە قوتابیان لە دەرەوە بە تایبەتی لە بەریتاینا دایانمەزراند، کاتێکیش گەڕانەوە نەیانتوانی لەگەڵ بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی و حزبی ئیسلامیدا کاربکەن، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٣ کۆمەڵەی خۆیان راگەیاند، دوای سێ ساڵ کۆمەڵەکە سەرۆکێکی بۆ خۆی هەڵبژارد، لە ساڵی ١٩٩٧ وەك رێکخراوێکی ناحکومی کە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی رێنماییەکانی ئیسلامی دەدات، تۆمارکرا، لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندازیار زەید قەمەرەدین بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەکە.

**کێشەی حزبی ئیسلامی ئەوەیە کە ناواقیعییە و نایەوێت لە فرەیی ئایینی و سیاسی بگات، تەنیا تەرکیز لەسەر شەریعەت دەکاتەوە، نازانێ ئەوەی پیادەی دەکات، شەریعەتی خودا نییە، بەڵکو فیقهی مەزهەبیی ئیجتیهادی تاکەکەسییە، کە رەنگە هەڵە بێت**

پەیوەندیی نێوان مەهاتیری سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی ئەنوەر ئیبراهیم وا بوو کە لە ساڵی ١٩٩٨ ئابووریی مالیزیا گورزێکی بەهێزی بەرکەوت(١٤٠)ملیار دۆلار زیانی پێگەیشت، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، مەهاتیر رازی نەبوو مامەڵە لەگەڵ سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی بکات بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی،چونکە پێی وابوو ئەوە وەك ئەرجەنتینییەکانە کە سندوقی شەیتانە، بەڵام جێگرەکەی ئەوکاتە وەزیری دارایی بوو بیرۆکەیەکی بەپێچەوانەی مەهاتیر خستەڕوو، مەهاتیر بەوە تۆمەتباری کرد کە وەك سەرۆك وەزیران مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات، گوایە ئامادەنەبوونی ئەوی قۆستۆتەوە کاتێ مۆڵەت بووە و بڕیاری پێچەوانەی دیدگا ئابوورییەکانی وەرگرتووە، کە بە دیدگای ٢٠٢٠ ناسرابوو، لە راستیدا ئەنوەر ئیبراهیم عەقڵێکی مەزنی ئابووریی بوو، هەروەها لای خەڵك خۆشەویست بوو، شارەزایی لە ئیدارە هەبوو، ئەوکاتەی وەزیری پەروەردە و لاوان و کشتوکاڵ و دارایی و دواجاریش لە ساڵی ١٩٩٣جێگری سەرۆك وەزیران بوو، ئەو بە توندی بەرەنگاری گەندەڵی و گەندەڵەکان دەبووەوە، دۆسێی گەندەڵیی زۆربەی بەرپرسانی لا بوو، لەوانەش نزیکەکانی مەهاتیر، مەهاتیریش لێی دەترسا کە

**مەزهەبی فیقهیی شافیعی، یان مەزهەبی دیکە، پێش چەند سەدەیەک لەسەر بنەمای ئیجتهادی مرۆیی نووسراون و نابێت دەقی ئایینی خودا بێت کە بۆ پێغەمبەر دابەزیوە**

**لە سەردەمی مەهاتیر محەمەد پەرەپێدان و گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوە دەستیان پێکرد، دیدگایەکی ئابووری تا ساڵی ٢٠٢٠ خستەڕوو، بەمەش مالیزیا بوو بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و رکابەری ژاپۆن**

لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ببێتە سەرۆك وەزیران، پەیوەندیی چاکیشی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهانی رۆژئاواو عەرەبی و ئیسلامی هەبوو، بۆیە تۆمەتباری دەکرد بە گەندەڵی و هاوڕەگەزبازی، کە تەنیا مەبەستی رووخاندنی بوو لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە لە ١٩٩٨ دەری کرد، لە ساڵی ١٩٩٩ دادگا شەش ساڵ زیندانیی بۆ بڕییەوە، لەو ماوەیەدا وان عەزیزە وان ئیسماعیلی هاوژینی حزبی دادپەروەریی گەل Parti Keadilan Rakyatی دامەزراند تاکو لەسەر رێبازی هاوسەرەکەی بڕوات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵکاران، کاتێکیش مێردەکەی ئازادکرا لە ساڵی ٢٠٠٤ چووە ئەڵمانیا بۆ چارەسەری نەخۆشی، چونکە لە زینداندا زۆر ئەشکەنجەدرابوو، لە ساڵی ٢٠٠٩ واتا لە کۆتایی خولی سەرۆك وەزیران عەبدولا بەدەوی و سەرەتای هاتنی نەجیب عەبدولڕەزاقی سەرۆك وەزیران گەڕایەوە وڵات، ئەنوەر ئیبراهیم هەوڵیدا ئەو تۆمەتە بەدڕەوشتییەی لەبەردەم دادگا لەسەر لاببات، بەڵام دادگا بە فشاری نەجیب عەبدولڕەزاق داواکەی رەتکردەوە، کاتێکیش نەجیب زانی خەریکە لەناو خەڵك گرنگیی پێدەدرێت و دەبێتە مەترسی بۆ سەر حزبی ئومنۆ و ئاییندەی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ لە داوای نەجیب جارێکی دیکە بە تۆمەتی بەدڕەوشتی زیندانی کرایەوە، بەڵام دادگا لە ساڵی ٢٠١٢ لە کۆی تاوانەکانی خۆشبوو، لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنوەر ئیبراهیم بە هاوپەیمانی لەگەڵ سێ حزب بۆ هەرەس پێهێنانی نەجیب کەوتە بەربەرەکانیی هەڵبژاردن، بەڵام نەیتوانی و دۆڕاندی، دوای ساڵێك دادگا بڕیاری ئەستۆپاکیی ئەوی هەڵوەشاندەوەو جارێکی دیکە خرایە زیندانەوە، تاکو بەشداریی هەڵبژاردن نەکات، ئەم بڕیارەش لای خەڵك بەوە ناسرا کە سەدلەسەد سیاسییە، دوای ئەوەی گەلی مالیزیا زانی کە نەجیب عەبدولڕەزاق نوقمی گەندەڵییە بەهۆی ئەوەی باری خەڵکی بە باج قورس کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا مەهاتیر دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران کێشایەوە، دوای ئەو جێگرەکەی عەبدولا بەدەوی هات کە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠٠٩ حوکمڕانیی وڵاتی کرد، بەدەوی لەسەر رێبازی مەهاتیر بەردەوام بوو و پرۆژەیەکی بەناوی ئیسلامی شارستانی Civilizational Islam لەجیاتی ئیسلامی سیاسی و بنەچەخوازی و سۆفیزم و جیهادی خستەڕوو، پرۆژەکەی لەسەر ئەم بنەمایانە بوو:

١. باوەڕهێنان بە خودا.
٢. حکومەتی دادپەروەر.
٣. ئازادی و سەربەخۆیی گەلان.
٤. بەدەستهێنانی زانست و زانیاری.
٥. پەرەپێدانی سەرتاسەریی و هاوسەنگیی ئابووری.
٦. رەوشتی بەرز.
٧. بەهاگەلی پاکی کولتووری.
٨. پاراستنی مافی کەمینەکان و ئافرەت.
٩. پاراستنی ژینگە.
١٠. بەهێزکردنی توانا ئەکتیڤەکانی نەتەوە.

بەدەوی جەختی دەکردەوە لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوەکانی مالیزیا، چونکە دەکەوێتە نێوان چین و هیندستان، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاش لە سێ شارستانی پێکدێت، شارستانیی ئیسلامی و هیندی و چینی، لەگەڵ هەوڵەکانی بەدەوی لە بواری چاکسازی و پیادەکردنی پرۆژەکەیدا، بەڵام مەهاتیر رەخنەی لێ دەگرت کە بێ توانایە، تا نەجیب عەبدولڕەزاق لە ساڵی ٢٠٠٩ شوێنی گرتەوەو مەهاتیریش پشگیریی کرد، چونکە پێکەوە کاریان کردبوو، بەڵام کاتێ لە سەردەمی ئەودا گەندەڵی پەرەی سەند و بێکاریی زیادی کرد و باج باری خەڵکەکەی قورس کرد، لێی هەڵگەڕایەوەو رکابەریی کردو ئۆپۆزسیۆنێکی پێکهێنا بۆ لێدانی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، مەهاتیر حزبی ئومنۆی لە ساڵی ٢٠٠٦ بەجێ هێشت، زۆر کەس هاتنە نێو بەرەی ئۆپۆزسیۆنەکەی ئەو، قسەیەکی هەبوو دەیگوت: «شەرمەزارییە کە پەیوەست بێت بە حزبێکەوە پشتگیریی لە گەندەڵی بکات»، دەشیگوت: «ئەرکی منە رووبەڕووی گەندەڵی ببمەوە کە مالیزیای تەنیوە»، بەتایبەتی کە بەردەوامبوونی نەجیب عەبدولڕەزاق لە دەسەڵات هەڕەشەی بۆ چارەنووسی دیدگا ئابوورییەکەی ٢٠٢٠ کە لەسەردەمی ئەودا رایگەیاندبوو، بۆیە دوای دابڕانێك لە سیاسەت بۆ ماوەی (١٥)ساڵ گەڕایەوە، چونکە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی لە کار کێشابۆوە، مەهاتیر دەستلەکارکێشانەوەکەی ئەوی

**دوای ئەوەی گەلی مالیزیا زانی کە نەجیب عەبدولڕەزاق نوقمی گەندەڵییە بەهۆی ئەوەی باری خەڵکی بە باج قورس کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا مەهاتیر دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران کێشایەوە**

بە گەورەترین هەڵە لە ژیانیدا دادەنا، جگە لە هەڵەیەکی دیکە ئەویش دوورخستنەوەی ئەنوەر ئیبراهیم بوو لە حزب و حکومەت، مەهاتیر ئۆپۆزسیۆنیکی بەهێزی پێکهێنا بە هەماهەنگی لەگەڵ نەیارە کۆنەکەی ئەنوەر ئیبراهیم کە لە نەوەتەکاندا بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانیی کرد، ددانیشی بەوەدا نا کە لەگەڵ ئەنوەر خراپ جووڵاوەتەوەو داوای لێبووردنی لێکرد، ئەویش قبووڵی کرد، مەهاتیر لە ساڵی ٢٠١٦ لە دانیشتنی داگاییکردنی ئەنوەر ئیبراهیم ئامادەبوو و دوای (١٨)ساڵ دوژمنکاری لەگەڵی دانیشت، حزبی فەرمنڕەوا ئەم دانیشتنەی بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆسەر ئایندەی سیاسیی حزب لێکدایەوە، مەهاتیر هاوپەیمانییەکی لە چوار حزب پێکهێنا بە ناوی هاوپەیمانیی هیوا Pakatan Harapan بۆ هەڵبژاردن، خزبەکانیش بریتی بوون لە(دادپەروەریی گەل بە سەرۆکایەتیی ئەنوەر ئیبراهیم، کاری دیموکراتیی چینی، ئەمینداریێتیی نیشتمانی کە لە حزبی ئیسلامی جیابۆوە، یەکێتیی نەوەی خاك بە سەرۆکایەتیی مەهاتیر)، مەهاتیر لەگەڵ خاتوو وان ئیسماعیل وانی هاوژینی ئەنوەر ئیبراهیم ڕێککەوتن، کە ئەگەر سەرکەوتن بە لێبووردنی پاشایەتی ئازادی بکەن، حزبی فەرمانڕەوا مەهاتیری تۆمەتبارکرد بەوەی دەیەوێت موقریزی کوڕی بکاتە سەرۆك وەزیران، کە لەئێستادا سەرۆك وەیزرانی ولایەتی قەدەحە، مەهاتیر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ دا سەرکەوتنی بەدەست هێناو(١١٣) کورسی مسۆگەرکرد، کەچی حزبی فەرمانڕەوا زیانی بەرکەوت و(٧٩) کورسیی هێنا، لێرەدا مەهاتیر توانی هەرەس بە حزبی فەرمانڕەوا بهێنێت کە شەست ساڵ حوکمی وڵاتی کرد، نەجیب عەبدولڕەزاق دانی بە بەزینەکەیدا نا، سەرکردەکانی هاوپەیمانیی هیوا چاویان بە پاشای مالیزیا کەوت، مەهاتیریان کاندیدکرد کە(٩٢) ساڵ تەمەنییەتی بۆ پێکهێنانی حکومەت و ژنەکەی ئەنوەر ئیبراهیمیش بوو بە جێگری، دوای دوو ساڵ سەرۆکایەتیی وەزیران رادەستی ئەنوەر ئیبراهیم بکرێت، پاشای مالیزیا سوڵتان محەمەدی پێنجەم لێبووردنی بۆ ئەنوەر ئیبراهیم دەرکردو سوێندی دەستووریی وەك پەرلەمانتار لە پەرلەمانی مالیزیا خوارد، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٠ مەهاتیر پۆستی سەرۆك وەزیران رادەستی ئەنوەر ئیبراهیم بکات، کە ڕێکەوتە لەگەڵ کۆتایی ماوەکەی دیگای ئابووریی مەهاتیر کە لە هەشتاکان رایگەیاندبوو، مەهاتیر بە دامەزرێنەری مالیزیای تازە دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٩٨ وڵاتەکەی لە هەرەسی ئابووری رزگارکرد، هەروەها جارێکی دیکەش لە گەندەڵیی نەجیب عەبدولڕەزاق، ئەو توانی لەگەڵ ئەنوەر ئیبراهیمی نەیاری ئاشت ببێتەوە، بە راستی سیاسەتوانێکی بە توان وبیرمەندە، پستەکانی وەزرەتی پەروەردەو ئابووری و دارایی و ناوخۆ و بازرگانیی بەڕێوەبرد،(١٦) کتێبی هەیە، یادەوەرییەکانی لە کتێبەکەی (پزیشك لە سەرۆکایەتیی وەزیران) A Doctor in the House نووسیوەتەوە.

دوای ئەوەی مەهاتیر سەرۆکایەتیی وەزیرانی وەرگرت، سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە چاکسازی و تایبەت بە سەرۆك وەزیرانی پێشوو نەجیب عەبدولڕەزاق داوای لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە و پاکی کرد، کە بە دزینی چوار ملیار دۆلار لە سندوقی پەرەپێدانی نیشتمانیی مالیزی تۆمەتبارکرابوو، لەوانەش (٧٠٠) ملیۆن دۆلار کە بۆ حیسابی تایبەتیی خۆی بوو، ئەنوەر ئیبراهیم ئیماراتی عەرەبیی تۆمەتبارکرد کە لەپشت ئەو بابەتەوەیەو داوای روونکردنەوەی لێکرد، دەسەڵاتی مالیزیا بڕێکی زۆری خشڵ و دیاریی گرانبەها لە ماڵەکەی ئەنوەر ئیبراهیم دۆزییەوە کە بە (٢٧٠)ملیۆن دۆلار خەملێنرا، هەروەها حکومەتی مالیزیا عەرەبستانی سعودیەی تۆمەتبارکرد کە پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ بڕی(٦٨١)ملیۆن دۆلاری بۆ ناردووە تاکو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و نەهێڵن ئیسلامییەکان بگەڕێنەوە، بە تایبەتی کە ئەنوەر ئیبراهیم نوێنەرایەتیی ئیسلامی سیاسیی ئیخوان دەکات، بۆیە ئەنوەر ئیبراهیم لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣دا دۆڕاندی، سعودیەش وەڵامی دایەوە کە ئەمە دیارییەکە دەدرێتە هەر میوانێکی گرنگی پاشای سعودیە، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات سعودیە بەفەرمی بانگهێشتی مەهاتیری کرد تا سەردانی بکات، مەهاتیریش قبووڵی کرد، ئەمەش لەپێناو چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات.

**مەهاتیر ئۆپۆزسیۆنیکی بەهێزی پێکهێنا بە هەماهەنگی لەگەڵ نەیارە کۆنەکەی ئەنوەر ئیبراهیم کە لە نەوەتەکاندا بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی کرد، ددانیشی بەوەدا نا، کە لەگەڵ ئەنوەر خراپ جووڵاوەتەوەو داوای لێبووردنی لێکرد، ئەویش قبووڵی کرد**

**مەهاتیر بە دامەزرێنەری مالیزیای تازە دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٩٨ وڵاتەکەی لە هەرەسی ئابووری رزگارکرد، هەروەها جارێکی دیکەش لە گەندەڵیی نەجیب عەبدولڕەزاق، ئەو توانی لەگەڵ ئەنوەر ئیبراهیمی نەیاری ئاشت ببێتەوە**



### لە ڕێورەسمێکی شایستەدا

# زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی ڕێز لە شەهیدانی زیندوو دەگرێت






**دكتۆر ساقی بارزانی سەرۆکی زانكۆی ستراتفۆرد:**
**ئەگەر حیکمەتی جەنابی سەرۆک بارزانی و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگە نەبووایە، لەم ئازادییەی ئێستادا نەدەژیاین، هەر چییەکیش بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بکرێت، لەگەل قوربانیدانیان بەراورد ناكرێت**

ئێوارەی رۆژی دووشەممە ٨ی تەمموزی ٢٠١٩، بە ئامادەبوونی چەندین كەسایەتیی سیاسی و حزبی و حكوومی و ژمارەیەك لە ئەفسەر و پلەدارانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و پێشمەرگە قارەمانەكانی هەموو حزبە كوردستانییەكان و زانكۆی ستراتفۆردی ئەمریكی لە رێورەسمێكدا رێزی لە ژمارەیەك لە شەهیدانی زیندووی شەڕی تیرۆریستانی داعش گرت.

سەرەتای رێورەسمەكە بە سروودی ئەی رەقیب و و خولەكێك راوەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدان دەستپێكرد، دواتر دكتۆر ساقی بارزانی سەرۆكی زانكۆی ستراتفۆرد - لقی هەولێر، لە وتەیەكیدا وتی: ئێمە وەك زانكۆی ستراتفۆردی ئەمریكی لقی هەولێر، شانازی دەكەین رێز لەو پێشمەرگە ئازیزانە بگرین كە بە ئازایەتیی خۆیان ئاسایش و سەروەریی هەرێمی كوردستانیان پاراست و بە گیانی خۆیان بەرگرییان لە خاك و نەتەوەكەیان كردو نەیانهێشت كاروانی ئازادی و پێكەوەژیان رابوەستێ. ئەم رێزلێنانە تەنیا دەربڕینی وەفایەكی بچووكە بەرامبەر پێشمەرگەو ئەو بریندارانەی لە شەڕی داعش بەرگرییان لە گەلەكەیان كرد.» وتیشی: «ئەو پێشمەرگانەی كە بریندار بوون لە شەڕی داعش، شەهیدی زیندوون؛ ئەوان بە هەست و گیانی مرۆڤدۆستانە و نیشتمانی و بە رەچاوكردنی بنەما یاسایی و ئەخلاقییەكان بەرگرییان كردو دژی تیرۆریستانی داعش جەنگان.»

دكتۆر ساقی بارزانی باسی لە گرنگیی رێزگرتن لە خەباتی پێشمەرگەی كوردستان كرد، جەختی لەوەش كردەوە كە «ئەو ئازادییەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین و هەوڵی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و پێشخستنی زانست و زانیاریی دەدەین، لە ئەنجامی خەباتی پێشمەرگە و حیكمەتی سەركردایەتی سیاسیی كوردستان و خودی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، ئەگەر ئەو حیكمەتە و قوربانیدان و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگە نەبووایە، ئێمە لەم ئازادییەدا نەدەبووین، بۆیە هەر چییەك بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بكرێت، بەراورد ناكرێت لەگەل ئەو قوربانیدانانە.» رووبە ئامادەبووان و بەتایبەتی پێشمەرگەكان وتی: « ئێوەی پێشمەرگە بەپێچەوانەی دوژمن و تیرۆریستەكانی داعش و گرووپە توندڕەوەكان نەك تەنیا گیانی خەڵك و هاووڵاتی سڤیلتان پاراست، بەڵكو بەو پەڕی بەهاكانی ئینسانییەوە مامەڵەتان لەگەڵ دوژمنە دڕندەكانیش كرد. ئێوەی پێشمەرگە بوونە رەمزی ئازادی و پاراستنی مرۆڤ و كەرامەتی هاووڵاتی لە هەموو دنیا، ئێوە بوونە رەمزی بەهێزیی و یەكبوون و سەركەوتنی كوردستان. لەم قۆناغەشدا هەرێمی كوردستان پێویستی بە



گوتاری یەکگرتووی سیاسی و هەماهەنگی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان لەپێناو بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی پێکهاتەکانی کوردستان هەیە». وتیشی: «ئێمە وەکو وەفایەکی بچووك، وەفایەك بۆ قوربانی و ئازایەتیی ئێوە و بە بێ جیاوازیی حزبایەتی، ئەم ڕێزلێنانەمان ئامادەکردووە، ڕێزگرتنی ئێوەش واتە: ڕێزگرتن لەشەهیدانی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە هەڤاڵ و هاوسەنگەرەکانی دیکەتان، کە لە جەنگی تێکشکاندنی دڕندەترین دوژمن برینداربوون. ڕێزگرتن لە ئێوە ڕێزگرتنە لە مێژووی پڕشکۆی پێشمەرگە.» سەبارەت بە گرنگیدان بە ڕۆڵی زانکۆکەشیان لە پێگەیاندن و خزمەتکردنی لاواندا دکتۆر ساقی بارزانی وتی: «زانکۆکەمان کە لقی زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکییە، وەکو ئەرکی سەرەکیی خۆی سەیری خواستەکانی کۆمەڵگە دەکات و بەرپرسانە کار بۆ خزمەتکردنی گەنجان و ئافرەتان و قوتابیان و بوارەکانی دیکە دەکات کە پەیوەندییان بە ژیان و پێشکەوتنی خەڵکەوە هەیە، زانکۆ پێشکەتووەکان هەمیشە پێشەنگن لە سازدانی زەمینەی گونجاو و متمانەدار بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە کار دەکەین و خزمەت دەکەین.» وتیشی: «ئێمە لە زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی، هەر تەنیا ئەرکی پەروەردە و فێرکردنمان لە ئەستۆدا نییە، بەڵکو وەکو ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی، کاردەکەین بۆ ئەوەی هاوسۆز و هاوکاری وڵاتەکەمان بین، کاردەکەین لە ڕێگەی بەرنامە و پڕۆژەکانمان ڕۆڵی پێگەیاندنی سەرکردە و گەشەپێدانی بواری زانستی و پتەوکردنی گیانی هاوووڵاتیبوون و پەرەپێدانی توانای مرۆیی گەشە بکات.»

سەرۆکی زانکۆی ستراتفۆرد لقی هەولێر، تیشکی خستە سەر گرنگیدان بە داهێنان لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە کوردستان و وتی: «ڕێز لە قوربانی و داهێنانی هەموو کەسێك دەگرین، کە دەبنە مایەی پاراستنی ژیان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و پاراستنی ئاسایش و سەروەریی کوردستان و هاووڵاتییان. لە زانکۆکەماندا ژمارەیەك کارو چالاکیمان ئەنجام داوە و چەندین خولی ڕاهێنان و پێگەیاندنمان بە بێ رامبەر لەبواری جیاواز پێشکەش کردووە و، بەرنامەشمان هەیە، لە ئایندەدا بە شێوەیەکی فراوانتر کاربکەین، چونکە ئێمە ئامانجمان پێگەیاندن و خزمەتی زانستە بەگشتی و هاوکاریی تاکی کوردستانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە بەتایبەتی، بەرنامەشمان هەیە، خۆبەخشانە گەلێك پرۆگرامی نێودەوڵەتی و زانستی و پڕۆفیشناڵانە ئەنجام بدەین.»

لە کۆتایی وتەکەیدا دکتۆر ساقی بارزانی

**محەمەدی حاجی مەحموود:**

**تیرۆریستانی داعش لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا زیاتر لە ٩٠ هەزار چەکدار لە هێزەکانی عێراقیان چەک کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگە بە ئیمکانیاتێکی کەم و ئیرادەیەکی بەهێزو بە پاڵپشتیی جەماوەری کوردستان و سەرکردایەتیی ڕاستەخۆی سەرۆک مسعود بارزانی ئەو دوژمنەیان تێکشکاند**




**عەزیز وەیسی**
**فەرماندەی فەرماندەیی زێرەڤانی:**
**ڕێزگرتن لەم پۆلە شەهیدە زیندووە لەلایەن زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی مایەی ڕێز و تەقدیری هەموو لایەکمانە، چونکە ئەو پێشمەرگە قارەمانانە ڕووبەڕووی درەندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی بوونەوە کە لە مێژوودا وێنەیان نەبوو**

وتـی: «دڵنیاتـان دەکەینـەوە کـە بـەردەوام دەبیـن لـە ڕێزگرتنـی سـەرجەم ئەوانـەی کـە شایسـتەی وەبیرهێنانـەوە و ڕێزلێگرتنـن. لـە کۆتاییـدا بـە پێویسـتی دەزانیـن کـە سوپاسـی ئەنجومەنـی شـارەوانی هەولێـر بکەیـن کـە بـە دەرفەتیـان زانـی لەگـەل ئێمـەدا، ڕێـز لـەم کۆمەڵـە پێشـمەرگەیە بگـرن.»

پاشـان، محەمـەدی حاجـی مەحمـوود تێکۆشـەری دێریـن و فەرمانـدەی باڵاو بریـنداری شـەڕی داعـش و باوکـی شـەهید، وتەیەکـی پێشـکەش کرد و، لـە بەرایـی وتەکەیـدا، سوپاسـی زانکـۆی سـتراتفۆردی کـرد بـۆ ئـەو هەڵوێسـتەیان کە ڕێز لە بریندارانی شەڕی داعش دەگرن، لـە بەشـێکی تـری وتەکانیـدا وتـی: « گەلەکەمـان مێژوویەکـی درێـژی هەیـە لـە خەبات و قوربانیـدان لـە پێنـاو ئـازادی و سـەرفرازیدا، بـەڵام شـەڕی داسـەپاوی داعـش بەسـەر گەلەکەمانـدا جیـاوازی هەیـە، چونکـە بـە دڕندەتریـن شـێوە پەلاماریـان هێنـا و ڕێکخراوێکـی مونەزەمـی پڕچـەك بـوون و هەمـوو بەهایەکیـان پێشـێل کـرد و هەمـوو تاوانێکیان ئەنجام دا، پەلامـاری ئـەوان لـە کاتێکدا بـوو کـە پێشـمەرگە و خەڵکی کوردستان سـەرقاڵی ئاوەدانی و ئاسـایش و پێکـەوە ژیـان بـوون، بـەڵام پێشـمەرگە بـە ئیمکانیاتێکـی کـەم توانییـان ڕووبـەڕووی ئـەو هێـزە پڕچـەك و تونـدڕەوە ببنـەوە کـە پێشـتر سـەداپەنجای خاکـی سـووریا و سـەداچلی خاکـی عێراقیـان داگیرکردبـوو، تیرۆریسـتانی داعـش لـە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکـدا زیاتـر لـە ٩٠ هـەزار چەکـدار لـە هێزەکانـی عێراقیـان چـەك کـرد، بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە بـە ئیمکانیاتێکـی کـەم و بـە باوەڕبەخۆبـوون و ئیرادەیەکـی بەهێـزەوە بـە پاڵپشـتیی جەمـاوەری کوردسـتان و سـەرکردایەتی و فەرماندەیـی ڕاسـتەخۆی سـەرۆك مسـعود بارزانـی ئـەو دوژمنەیـان شـکاند و شکسـتیان پێهێنـا.» محەمـەدی حاجـی مەحمـوود لـە درێـژەی وتەکانیـدا ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە «لـە شـەڕی داعشـدا بـۆ یەکەمجـار بـوو کـە زیاتـر لـە ٦٠ دەوڵەتـی جیهـان لەگـەڵ پێشـمەرگەی کوردسـتان ڕێککەوتنیـان کـرد و بوونـە هاوپەیمـان و هاوسـەنگەر دژی تیرۆریسـتانی داعـش کـە ئـەو شـەڕە سـەختەیان هەڵیانگیرساند و هەڕەشـەیان لـە ئاسایشـی ناوچەکـە و جیهانیـش دەکرد.»وتیشـی: «تیرۆریستانی داعش بە ئازایەتی و قوربانیدانی پێشـمەرگە تێکشـێندران، ئەمـەش مێژوویەکـی پڕشـانازی و سـەرکەوتنێکی گەورەیـە بـۆ پیشـمەرگە و گەلەکەمـان.»

دواتـر عەزیـز وەیسـی فەرمانـدەی فەرماندەیـی زێرەڤانـی وتەیەکـی پێشـکەش کـرد و تێیـدا تیشـکی خستەسـەر گرنگـی ئـەم جـۆرە مەراسـیمانە و گوتـی: «ڕێزگرتـن لـەم پۆلـە شـەهیدە زینـدووە



لەلایەن زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی مایەی ڕێز و تەقدیری هەموو لایەکمانە، چونکە ئەو پێشمەرگە قارەمانانە ڕووبەڕووی دڕەندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی بوونەوە کە لە مێژوودا وێنەیان نەبوو، بەڵام بە خۆڕاگریی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بە سەرپەرشتی و بەشداریی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی کە سات بە سات لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو، بە ڕێنمایی و سەرکردایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی توانرا ئەفسانەی داعش پووچەڵ بکرێتەوە، ئەمەش بۆ جیهان و هاوپەیمانان تا ڕادەیەك مایەی سەرسوڕمان بوو، بەوەی کە چۆن پێشمەرگە بەو چەکە تەقلیدییە توانی ئەو دوژمنە ببەزێنێ، بێگومان ئەمەش باجی خۆی هەبوو، بە سەدان پێشمەرگە گیانی خۆیان کردە قوربانی و گەیشتنە کاروانی نەمران، بە هەزارانیان بریندار بوون، بە سەدانیان کە ئەمڕۆ بەشێکیان لێرە ئامادەن، بەشێکی لەشی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام بەشداری و سەرپەرشتیکردنی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا وورەی پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرز کردەوە، حیکمەتی جەنابی سەرۆك و وورە و خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان وای کرد کە جیهان بە چاوی ڕێز و تەقدیرەوە لە پێشمەرگە بڕوانێت، وایکرد پێشمەرگە لە سەرتاسەری جیهان بەو سوپایە بناسرێت لە بری هەموو جیهان جەنگی و توانیی مرۆڤایەتی لە مەترسییەکانی تیرۆر ڕزگار بکات، ئێستاش وەك هەمیشە پێشمەرگەکانمان لەژێر بە ڕێبەرایەتیی سەرۆکی خۆشەویستمان سەرۆك بارزانی کە جەنابیشیان بە درێژایی ژیانی خۆی پێشمەرگە بووە، ئامادەن هەر کاتێك لەلایەن هەر دوژمنێکەوە کوردستان بکەوێتە ژێر مەترسی، بە گیانیان بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەن و دژی دوژمنانی ئەو خاکە دەوەستنەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە ناوی خۆم و پێشمەرگە قارەمانەکان سوپاسی زانکۆی ستراتفۆرد بکەم بۆ بەسەرکردنەوەی شەهیدە زیندووەکانی ئەم شەڕە، ئەم کارەیان جێگای ڕێز و تەقدیرە «.

لەو ڕێوڕەسمەدا جگە لە زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش ڕێزلێنانی خۆیان پێشکەش بەو بریندارانە کرد. شایەنی باسە میانەی چالاکییەکانیدا زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی جگە لە ڕێزگرتن لە شەهیدانی زیندووی شەڕی داعش، ژمارەیەك خولی وشیارکردنەوەی تەندروستی و کارگێڕی جۆراوجۆری بۆ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کردۆتەوە و بەنیازە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێز لە ژمارەیەکی دیکەی شەهیدانی زیندووی شەڕی داعش بگرێت.